وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر

کۆلیژی هونەرەجوانەکان

بەشی موزیک

# توێژینەوەیەک سەبارەت بە

# ریتم و میلۆدی لەگۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری باڵەکایەتیدا

## ئاراستەکراوە

## بۆ ئەنجومەنی بەشی موزیک

## وەکو پێداویستیەک بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەموزیک

**قوتابی**

**احمد حسين عبدالله**

**سەرپەرشتی**

**م. ئامانج غازی شاکر**

**هەولێر**

**٢٠٢٣ - ٢٠٢٢زایینی** **٢٧٢٢ - ٢٧٢٣کوردی**

- **بریاری سەرپەرشتیار :**

ئەم توێژینەوەیەکە بەناونیشانی( ریتم و میلۆدی لەگۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری باڵەکایەتیدا ) قوتابی( احمد حسین عبدالله ) لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیک بۆساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ ) بەئەنجام گەیاندووە و بەسەرپەرشتی من ئەنجام دراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامە بەکالۆریۆس لە هونەرەکانی موزیک لە دوای تەواو بوونی سەرجەم رێکارەکانی توێژینەوەکە لەلایەن خۆمەوە بەرزی دەکەمەوە بۆ سەرۆکایەتی بەشی موزیک بەمەبەستی تاوتوێ و گفتو گۆکردنی .

**م. ئامانج غازی شاکر**

**سەرپەرشتیار**

**/ / ٢٠٢٣**

## پێشکەشە بە :

- سەرپەرشیاری توێژنەوەکەم (م . ئامانج غازی شاکر )کە زۆرماندو بوولەگەڵم لەدەسپێکی توێژینەوەکەم تاوەکو تەواکردنی.
- دایک وباوکی زۆر ئەزیزو میهرەبانم .
- خانەوادەکەم بەتایبەتی خێزانەخۆشەویستەکەم ئەگەرپاڵپشتی ئەو نەبوایەنەم دەتوانی درێژەبەخوێندن بدەم
- یەکە بەیەکەی مامۆستایانی بەشی موزیک و کۆلیژی هونەرە جوانەکان .
- گشت هاورێ ی یان و هاو پۆلەکانم .

# سوپاس و پێزانین


- سوپاسی زۆر تایبەت بۆ سەرپەرشتاری توێژینەوەکەم(م. ئامانج غازی شاکر) کە ئەرکی زۆری کێشالەگەڵم بۆ بە ئەنجام گەیاندن وتەواو کردنی ئەم توێژینەوە یەم .
- سوپاسی گشت مامۆستایانی بەشی موزیک دەکەم کە بەدرێژای چوار ساڵی خوێندن ئەرکیان کێشا لەگەڵم سوپاس بۆ هەموو ئەو زانست وزانیاریانەی لێیانەوە فێربووم و پێیان بەخیشم .
- سوپاسی برای بەرێزم کاک اسماعیل گوندە ژۆری دەکەم کە کۆمەڵێک پەرتوک و گۆڤاری بەنرخی پێ بەخشیم کەگرنگی خۆی هەبوو لە ناوەرۆکی بابەتەکانی توێژینەوەکەم .
- سوپاسی مامۆستا رێباز دلاوەر عومەر دەربەندی مامۆستا لە زانکۆی سۆران فاکەڵتیی ئاداب بەشی مێژوو دەکەم کە نامەی ماستەری خۆی وەک توێژینەوەیێکی مەیدانی ئەنجامی دابوو لە بەرگێکی خنجیلانە کۆکردبوەو پێ بەخشیم .
- سوپاسی بێ پایان بۆ بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران لەگەڵ هەریەکە لە بەرێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکانی(زێرینی بنەڕەتی کچان و دواناوەندی خەلیفانی ئێوارانی کوڕان)دەکەم کەهاوکار و هاو سۆزم بوون لە دەوامی فەرمیم لە نێوان قوتابخانەو کۆلێژ .

## پوختەی توێژینەوە:


بە تیشک خستنە سەر شێواز وریچکەو جۆری ئەم توێژینەوەیە، لەدەست پێکدا بەخستنە ڕووی پەرەلاوەکیەکانە دێت کە میتۆدی توێژینەوەکە، دراسەیەکی مەیدانیە بەشێوەی بابەتێکی وەسفی شیکاری ئەنجام دەدرێت، هەر بۆیە لەم چوارچیوەیە دا ئەم توێژینەوەیە چەندبەشێک لەخۆ دەگرێت، کە لە چوار بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم تەواوی ئەو پابەندبوونەیە کە هەموو توێژینەوە یەکی ئەکادیمی ئاراستەیەکی زانستی و ستاندارد و یاسایی بەخۆیەوە دەبینێت وەک چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە . وەک کێشەی توێژنەوە، ئامانجی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، سنوری توێژینەوە، میتۆدی توێژینەوە، گریمانەی توێژینەوە، لەگەڵ برگەو بابەتەکانی ناونیشانی توێژینەوە وەک زاراوە شرۆڤەکراوە .

باشان بەشی دووەم کە تیۆری توێژینەوە پێک دێت لە شەش باسی گرنگ کە لە چوارچێوەی ئەوتیۆریەدا رووماڵێکی ( دێرۆکی دەڤەرەکەو، جوگرافیای هونەری و پانتایی موزیک و گۆرانی و، پێکهاتەی ریتم لەدەڤەرەکە) دەکات .

هەروەها لە بەشی سێیەم کە چوار چێوەی ریکاری توێژینەوەیە لە تێبینی کردن و بەشداریکردن لە کۆمەڵگای توێژینەوە ، نموونەکانی توێژینەوە، چۆنیەتی دەست نیشانکردنی نموونەکان، شیکردنەوەی نموونەکان لەگەڵ ئەنجامی شیکاری نموونەکان، پێکهاتەی گشت ئەوگۆرانی یە کارانەی کە لە ناوچەکە دا هەن چ ئەوانەی پەیوەندیان بە ئافرەتەوە هەیە چ ئەوانەی پیوەندییان بە پیاوانەوە وە هەیە، لەگەڵ پۆلێن کردنیان و دارشتنەوەیان وەک خۆی بە ریتم و نۆتەو میانە دەنگیەکان و دەنگەوارەکانیان وە شیکار کردن و ناساندنیان لەچوار چێوەی فۆرمێکی موزیک، وە بەزانستی کردنیان، لەگەڵ هەندێک لە تایبەتمەندی دیرۆکی و هونەریی کەوەک شوناسی ناوچەکە دەناسرێت .

بەشی چوارەم پێک دێت لە تەواوی ئەو (گفتوگۆ، دەرەنجامی توێژینەوە، پێشنیارەکان، راسپاردەکان، سەرچاوەو ژێدەرەکان، پاشکۆو، کۆتابەشی توێژینەوەییە)لەگەڵ تەواوی ئەوچاوپێکەوتنە مەیدانیانەی کەئەنجام دراون لەم دەڤەرە لەگەڵ وێنە و دۆکۆمێنتە تۆمارکراوە کان .

## پێرست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| بڕیاری سەرپەرشتیار | I |
| پێشکەشە بە | II |
| سوپاس و پێزانین | III |
| پوختەی توێژینەوە | IV |
| پێرست | VI - V |
| پـێشـــــەکـی | VII |
| **بەشی یەکەم / چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە** | |
| یەکەم : کێشەی توێژینەوە | ١ |
| دووەم : ئامانجی توێژینەوە | ٢ |
| سێیەم : گرنگی توێژینەوە | ٢ |
| چوارەم : سنوری توێژینەوە | ٣ |
| پێنجەم : میتۆدی توێژینەوە | ٣ |
| شەشەم : گریمانەی توێژینەوە | ٣ |
| حەوتەم : پیناسەی زاراوەکان | ٤ - ٦ |
| **بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە** | ٧ |
| یەکەم : توێژینەوەکانی پێشوو | ٨ |
| دووەم : دەڤەری بالەکایەتی،دیرۆک وسەردەم | ٨ - ٩ |
| سێیەم : جوگرافیایی هونەری دەڤەری بالەکایەتی | ٩ - ١٠ |
| چوارەم : پێکهاتەی ریتم لەگۆرانی فۆلکلۆری ومیللی دەڤەری بالەکایەتی | ١١ - ١٣ |
| پێنجەم : تایبەتمەندی میلۆدی وئاوازە فۆلکلۆری ومیللیەکانی دەڤەری بالەکایەتی | ١٣ - ١٤ |
| شەشەم : رۆڵی شۆرەشەکانی بەرەنگاری کوردلەسەر رەوشی گۆرانی و موزیکی ئەو دەڤەرە | ١٥ - ٢٠ |
| **بەشی سێییەم / چوارچیوەی رێکارەکانی توێژینەوە** | ٢١ |
| یەکەم : گرنگی کاری مەیدانی لە لێکۆڵینەوەی گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆری | ٢٢ - ٢٣ |
| دووەم : کۆمەڵگای توێژینەوە | ٢٣ |
| سێیەم : نموونەی توێژینەوە | ٢٣ |
| چوارەم : میتۆدی توێژینەوە | ٢٤ |
| پێنجەم : ئاریشەو گیروگرفتەکانی توێژینەوە | ٢٤ |
| شەشەم : تەوەرەی ریتم | ٢٥ - ٢٦ |
| حەوتەم : تەوەرەی میلۆدی | ٢٦ - ٣٣ |
| | |
| | |

## پێرست


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| ٤٤ | **بەشی چوارەم / چوارچێوەی ئەنجامی توێژینەوە** |
| ٤٥ | یەکەم : ئەنجامەکان |
| ٤٥ | دووەم : دەرەنجام |
| ٤٦ | سێیەم : پێشنیارەکان |
| ٤٦ | چوارەم : ڕاسپاردەکان |
| ٤٧ - ٤٨ | پێنجەم: سەرچاوەکان |
| ٤٩ - ٦٢ | شەشەم: پاشکۆ – ڕاپرسی – وێنە – نۆتەی زیادە |

# پێشـــــــەكـی

ریتم و میلۆدی وەک دوو توخم و هاوكێشەی پێكهێنەری بابەتی ناسینەوەو دیاریكرنی شوناسی ڕەسەنی هونەری موزیک و گۆرانی بەگشتی و دارشتنی پێكهاتەی میلۆدییە فۆلكلۆری و میللیەكانی میللەتان بەتایبەتی، بابەتگە گەلێ گرنگن بۆ لێكۆڵینەوە لەسەریان و هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی مێژووی ئەو بابەتەش، پێویستی بە(گەڕانی مەیدانی) هەیە بۆ ئەوەی لە نزیكەوە بابەتەكان بگەنە ئامانج و ئەنجامە پۆزەتیفەكانی.

دەڤەرو ناوچەجیاجیاكانی كوردستان نموونەیەكی زیندووی ئەم بابەتەن كەچۆن بتوانین لەنزیكەوە پەردە لەسەر لایەنە شاراوەكانی ئەو بابەتە دەوڵەمەندە هەڵبدەینەوەو بیانخەینە بەرتیشكی لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی.

(دەڤەری باڵەكایەتی ناوچەیەكی دەوڵەمەندە، لەگشت بوارەكانی دیرۆک وجوگرافیاو ژینگەی هونەری و پێكهاتە تایبەتمەندییەكانی تر) بۆیە ئەم دەڤەرە وەكو پێویست لەبواری هەڵدانەوەی لاپەڕە هونەرییەكانی گرنگیەكی ئەو تۆی پێنەدراوە كە بتوانرێ شوناس و ناسنامەی بابەتگەلی فۆلكلۆری و میلیەكانی تایبەت بەگۆرانیە زیندووەكان دیاربكرێ، بۆیە توێژینەوە لەبواری دیاریكردنی تایبەتمەندی گۆرانیەكان لە ڕووی (ڕیتم ومیلۆدییەوە) بابەتێكی زۆر هەستیارە كە چۆن بتوانین هەنگاوە گرنگ وزانستی و هونەرییەكانی دیاریكەین و دواتر پاش گەڕانێكی مەیدانی بۆ كۆكردنەوەو تۆماركردن و بەئەرشیف گەیاندن و پۆلێنكردنی بابەتەكان، ئەم بابەتە زانستیە هونەرییە وەكو سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراو ببێتە ڕێگا خۆشكەر بۆ بونیادنانی توێژینەوەی زانستی لە مەڕ بابەتە موزیكیەكان، ئەم توێژینەوەییە وەسەرەتاو دەسپێكی گرنگە بۆناساندن و دیاریكردنی شوناسی هونەریی (ریتم ومیلۆدی) گۆرانییەفۆلكلۆری و میللیەكانی دەڤەری باڵەكایەتی بەشێوەیەک كە بتوانرت لەگەڵ روحی سەردەم بگونجێنین و بابەتە هونەریەكانیش ببنە گرێ كەرەوەو دەسپێكی سەرەتایەک كە هەمیشە بتوانرێ وەكو بنەمایەكی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ، بۆ یە ئەم بابەتە گرنگە هەمیشە وەكو ئاوڕدانەوەیەكی وردبینانەیە بۆ ودەوڵەمەندی بوارەكانی گۆرانی میللی و فۆلكلۆری كوردی و بەم پێوەدانگەش سەرەتایەكی هونەری وزانستی یە بۆ توێژینەوەی زانستی لە مەڕ گۆرانی كوردی .

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

یەکەم : کێشەی توێژینەوە

دووەم : ئامانجی توێژینەوە

سێیەم : گرنگی توێژینەوە

چوارەم : سنوری توێژینەوە

پێنجەم : میتۆدی توێژینەوە

شەشەم : گریمانەی توێژینەوە

حەوتەم : پێناسەی زاراوەکان

ریتم – میلۆدی – گۆرانیی فۆلکلۆر

گۆرانی میللی – دەڤەری باڵەکایەتی

## بەشی یەکەم :

## یەکەم : کێشەی توێژینەوە

- کەمی سەرچاوەی نووسراو، هۆکاری سەرەکی بووە کە توێژەر کەمتر پرژێتە نێو باسەکان هەر بۆیە زیاتر پشتی بە گەڕانی مەیدانی و ئەو ژێدەرانە بەستووە کەبایەخیان هەبووە، بۆیە ماندوو بونی زیاتری ویستووە شەونخونی زیاتری پێویست بووە .
- بە پێی ئاماژەکانی توێژەر بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای (کۆرۆنا )لەدووساڵی ڕابردوو ساڵانی (٢٠٢٠-٢٠٢١ ) بەشوومترین زەمەنی لەناو چوونی مرۆڤایەتی دەزانێت، چونکە لەکاتی گەڕانی مەیدانیدا بۆی دەرکەوت ئەو چەمکەجوانەی کە بابەت و ناونیشانی توێژینەوەکەیەتی، زۆر بەی زۆری ئەوکەسانەی کە هەگبەیان پڕ بووە لە بابەتی فۆلکلۆرو کەلەپوری ناوچەکە بەتایبەتی بەساڵاچوان بەهەردوو ڕەگەزە وە بە هۆکاری نەخۆشی درێژخایەن و ئەو پەتا نەگریزەی کە باڵی کێشابوو بەسەر تەواوی مرۆڤایەتی لە جیهان، هەر بۆیە لە هەمان کات دا ژیانی هەزارن کەسی پێچایەوە، دەڤەری باڵەکاییەتیش وەک باقی ناوچەکانی تر بێ بەش نەبوو لەم کارەساتە مرۆییە، هەر بۆیە کەسانی بە ئەزموون و بەهرەمەندی دیاری ناوچەکە بوونە قوربانی .
- هۆکارو گرفێکی تر بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا، هەژموونی ئیسلامی سیاسی لەژێرپەردەی خواپەرستی دا وەک عیبادەت و پیرۆزیەکانی ئاینی ئیسلامدا کە زۆرێک لە وکەسانە پێشتر خزمەتی گەورەو بەرچاویان هەبووە لەم بوارە، بەڵام لە ئێستادا پێیان وایە لەرابردوودا گوناهێکی گەورەیان ئەنجام داوە، وەکاریگەری گوێگرتنیان لەو بانگ خوازانەی بەتایبەتی لە سۆشیال میدیاکان کاریگەریان هەبووە بەسەر تاکی کورد لە ئێستادا کەڕاو بۆ چوونیان وایە (گۆرانی و موزیک)بە هەمووشێوەیێک حەرامە، ئەمەش گرفێکی ترە لە شرۆڤە کردن و تفسیرکردنی تەواوی بابەتە هونەریەکان بەگشتی بۆخوێنەرو کاری توێژەران .

## دووەم : ئامانجی توێژینەوە

- بریتی یە لە وەدەستهێنانی زانیاری دروست و تەواو لەسەر (ریتم و میلۆدی لەگۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری باڵەکایەتیدا)
- ناساندنی گشت بابەت و فۆرمە هونەریەکانی دەڤەری باڵەکاتی بە تێکست و شێوە زار و ئەداکردنی لەم ناوچەیە .
- جیاکردنەوەی تەواوی بابەتە هونەریەکان لە نێوان ڕەگەزەکانی نێر و مێ لە کاتی بەجێ هێنان و نمایشکردندا .
- نووسینەوەی چەندنموونەیێک لەو گۆرانی و تێکستانە لەچوار چێوەی ئەوریتمانە کەلە بۆنەجیاوازەکان بەکارهاتوون.
- ئامانجی توێژەر لە لێتویژنەوەی مەیدانی و کۆکردنەوەی نموونەی گشت بابەتە میللی و فۆلکلۆریەکانی دەڤەرەکە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی پارێزگاری لەو گەنجینە یە پر بەهاییە بکرێت.

## سێیەم : گرنگی توێژینەوە

- گرنگی کۆکردنەوەی گشت بابەتە هونەریەکان کەتایبەتن بە ریتم و گۆرانی فۆلکلۆری و میللی ناوچەکە .
- گرنگی لەوە دایە شێوازی ئەداکردن و ئاخاوتنی نێو چەمکە هونەریەکان لە ڕووی زمان و زاراوەکانی ناوچەکە وە بەر جەستەکردنیان، بۆ گوێگری ئێستاو ئەو جیلەی کەلە ئێستادا نازانێت لە رابردوودا چی گوزەراوە .
- گرنگی ئەم توێژینەوەیە، ناساندن و گوڵ بژێر کردنی چەندین نموونەی زیندو بۆئەوەی پارێزگاری لەو فۆرم و بابەتانە بکرێت وەک (ریتم و میلۆدی لەگۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری باڵەکایەتیدا)
- توێژەر هەوڵەکانی چرکردۆتەوە لە سازدانیچاوپێکەوتن و وەرگرتنی زانست و زانیاری دورستی دەسکەوێت .
- گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کە توێژەر سود مەند بەبێت لەهەندێک کەسایەتی ئەم نێوەندە هونەریە کەلە ناوچەکەداهەن، کە بۆ یەکەم جار زانیاری و بابەتی گرنگی فۆلکلۆری و میللی ناوچەکەیان پێی بەخشیوە .

## چوارەم : سنوری توێژینەوە

سنوری توێژینەوە بۆناونیشانی لێکۆڵینەوەی (ریتم و میلۆدی لەگۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری باڵەکایەتیدا) کەخۆی لە چەند بوارێکی جیاواز دەبینێتەوە، کە بریتین لە :-

- سنوری شوینی :جوگرافیایی ئەم توێژینەوەیە ناوچە دەوڵەمەندەکانی بواری فۆلکلۆرە لە دەڤەری باڵەکایەتی.
- سنوری کاتی : لەو گوندو دێهاتانەی دەڤەری باڵەکایەتی کە زیاتر وەک نەریتێکی لەبیر نەکراوەی ساڵانە بەکەرنەڤاڵی جیاواز کارو فرمانەکانیان لە چوارچێوەی (زبارە) بە گۆرانی ئامێز لە گشت گوندو دێهاتەکانی ئەم دەڤەرە ئەنجام دەدرێت ئەو نەریتە بە شێوەێکی بەردەوام و زیندو پارێزگاری لێ دەکرێت، لە نێوانی ساڵانی١٩٧٠ بۆ ناوەراستی ساڵی ١٩٩٠ هەتاوەکو ئێستاش بەردوامی هەیە.

## پێنجەم : میتۆدی توێژینەوە

دراسەیەکی مەیدانیە بەشێوەی بابەتێکی وەسفی شیکاری ئەنجام دەدرێت

## شەشەم : گریمانەی توێژینەوە

١- گەڕانی مەیدانی وەکوپێگە یەکی لە بار بۆ کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی دەبێتەسامانێکی نەتەوەیی و پاراستنی بۆ نەوەکانی داهاتوو .

٢- کۆکردنەوەی گۆرانی لە وقۆناغە دا دانانی بناغەیەکی پتەوی توێژینەوەی زانستی دەبێ لە مەڕ گۆرانی و موزیکی کوردی وەکو دەسپێکێکی ئەکادیمی .

## حەوتەم: پێناسەی زاراوەکان

**ریتم :**

پێوەرێکە بۆ ڕێکخستنی بەردەوامی دەربڕین و بەردەوامبوونی دەنگ، هاوسەنگی دروست دەکات لەنێوان درێژی و کورتی دەربڕینەکان، ئاواز و ڕیتم دووانەیەکی لێک دانەبڕاون لە موزیکدا جوتەزاو جومکەزان و هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر واتا نابەخشێ.(ابراهیم، ٢٠١٤، ل٦).

بە شێوەیەکی گشتی لە موزیکدا پەیڕەو کردنی کات دەکات، بەتایبەتی کاتی خایاندەنی دەنگی و کاتی خایاندەنی بیدەنگیەکان واتە پاوزەکان وەکو پێشتر لە بابەتی خایاندەن روونکرایەوە، کەوا درێژترین یەکەی دەنگ ڕۆندە کە لە چوار کوتە پێکدێت بلانش دوو، نوار یەک، کرۆش نیو دەبڵ کرۆش چارەگ...تاد .

لەنوسینەوەی موزیکدا نیشانەی پێوانەی ریتم بە هێمای ژمارەیی دیاری دەکرێت، کە دوو ژمارە بەخۆوە دەگرن، ئەو دوو ژمارەییە لە سەرەتای پینتاگرام لەتەک کلیلی موزیکی یەک لە سەر یەک دادەنرێت . (ئازید ٢٠١٦ل ٦١)

ڕیتم لە موزیک و سەما و زمان و شیعرو شانۆ و کولتوور و کەڤاڵ وێنا دەکرێت بۆ ژیان و زیاتر.. لە بنەڕەتدا ڕیتم و کات دەتوانن هەم دەنگ و هەم بێ دەنگی لەخۆ بگرێت .

ڕیتم ئەو ڕێگایەیە کە موزیک بە شێوەیەکی سیستماتیک دابەش دەکرێت بەسەر لێدانەکان کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ناو بارێکدا دووبارە دەبێتەوە بە خێرایی یان تێمپۆیەکی مام ناوەند یا خاو .

دەتوانرێت بە ئاسانی نۆتە و میلۆدی و ئاکۆردەکان وەک لەرزین لە شەپۆلەکانی هەوادا وەسف بکرێت کە تەپڵی گوێمان دەتوانێت دەستنیشان بکات. ( ئینتر نێت١)

**میلۆدی :**

وشەی میلۆدی لە زاراوەی یۆنانی ( melodia ) وەرگیراوە کە بە واتای "گۆرانی وتن" دێت. لە زمانی ئێمەدا وشەی میلۆدی بۆ دیاریکردنی کۆمەڵە دەنگێک بەکاردێت کە بە شێوەیەکی تایبەت رێکخراون بۆ ئامانجێک یەکدەگرن یان گرووپ دەکرێن: بۆ بنیاتنانی دەنگێکی ئاڵۆزتر و بەردەوامتر کە دڵخۆشکەر بێت بۆ گوێی مرۆڤ و جۆرێک لە کاردانەوە دروست بکات. مێلۆدی دەتوانێت لە چەند نۆتێک پێکبێت و هەروەها لە نۆتێکی بێکۆتاییدا، لەم کاتەدا دەبێت میلۆدی وەک بەشێک لە بەرهەمە موزیکیەکان بگاتە گوێچکەی گوێگر.

میلۆدی وەک توخمێکی ئەبستراکت دەبێ کۆمەڵێک دەنگی باس یان ترێبل تێبگەین کە بە شێوەیەکی دیاریکراو بەپێی مەبەستی ئاوازدانەر رێکخراون. میلۆدیەکان دەتوانرێت لە هەر بارودۆخێکی ژیانی رۆژانەدا بدۆزرێتەوە،

ڕەنگە میلۆدی گرنگترین شت بێت لە هەر پارچەیەکی موزیک دا چونکە ئەو چەمکەیە کە ڕێگە بە دەنگ دەدات تەنانەت لە ئاوازی ئەواندا ( بێ گوێدانە شێوازی موزیک ) و دەنگی کۆتایی بۆ ئەوەی خۆش بێت بۆ ئەوانەی گوێیان لێیەتی لەگەڵ ئەوەشدا، ئاوازەکە هەر ئەو چەمکەیە کە رێگە بە لێدانی دەنگەکان دەدات بۆ دۆزینەوەی بەردەوام بەم شێوەیە بابەتێکی ئاڵۆزتر و سەرنج ڕاکێشترە کە دەتوانرێ دروست بکرێت. میلۆدیەکان دەتوانن بە شێوەیەکی جیاواز دووبارە بکرێنەوە بە درێژایی کاری موزیکی کە هەمەجۆری بچووکترە لە هەمان پێکهاتە دروست دەکرێت بەڵام هەمیشە لە هەمان خاڵەوە دەست پێ دەکات. (ئینتر نێت ٤)

## چەمکی گۆرانی فۆلکلۆری

- **گۆرانی** / گۆرانی واتای چڕینی هۆنراوە و دەقە ئەدەبییەکانە، هەروەها گۆرانی بەشێکە لە پێکهاتەی بچووک بچووکی موزیک و گونجاوە لەگەڵ دەنگی مرۆڤ و زۆرجار یاوەری دەکرێت بە ئامێرە موزیکیەکانیش، لەهەمان کاتدا گۆرانی جۆر و شێوازی زۆری هەیە، لەوانە (گۆرانی میللی، گۆرانی فۆلکلۆری، گۆرانی دانراو... تا دوایی).لەکۆتاییدا گۆرانی بەهەموو ئەم دانراوە موزیکیانە دەگوترێ کە دەگونجێت لەگەڵ دەنگی مرۆڤ .(الهاشمی١٩٧٩،ل٧)

هەروەها ن بەپێی گوتەی (دیمیتری کابالیفسکی)گۆرانی واتە ڕۆحی میللەت، هەروەها دەڵێت گۆرانی لاینێکە لەم سێ لایەنەی کە موزیک لێیان ورد دەبێتەوە و کاریان لەسەر دەکات، وەهاوڕایە لەگەڵ بۆچوونەکانی أحمد الهاشمی سەبارەت بەجۆرەکانی گۆرانی و لق و پوپەکانی و ئەو وردتر باس لە جۆرەکانی دەکات و جیایان دەکاتەوە بۆ (گۆرانی لای لایەی منالْ، بوک گواستەوە، گۆرانی سۆزداری وپیاو چاکان و کەسایەتییەکان... تادوایی).(میخییفا،٢٠١٤، ل٢١).

بەشێوەیەکی گشتی موزیکی فۆلکلۆری لەکولتوریکەوە بۆ کولتورێکی تر، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی جیاوازە، هەربۆیە گشتاندنی تەنیا پێناسەیەک بۆ سەرجەم نەتەوەکان کارێکی دژوارە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تاڕادەیەکی زۆر، لەلای زۆرێک لە نەتەوە جیاوازە کان ئەم سێ پێناسەیە لە خۆدەگرێت :

- پێک دێت لەو کۆمەڵە گۆرانی و موزیکیانەی کە( خۆرسک )کانە دورست بوون یاخود فەرامۆش کراون و لە بیرچۆنەتەوە .
- ئەم کۆمەڵە موزیکەیە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بەشێوەی زارەکی گواستراوەتەوە (نۆتە) نووسی بۆنەکراوە، ( بەواتایەکی دی فەرهەنگی موزیکی زارەکییە ).
- ئەم کۆمەڵە موزیکەیە کە بە هۆی گویگران، موزیک ژەنان و پێکەوە ووشەکان پێشەکەشی بکەن .

( مەبەست لێرەدا ئەو دانیشتنە فۆلکلۆرییانەیە، کەگشت گوێگران وموزیک ژەنان پێکەوە ووشەکانی دەڵێنەوە )

# بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

یەکەم : توێژینەوەکانی پێشوو

دووەم : دەڤەری باڵەکایەتی،دیرۆک وسەردەم

سێیەم : جوگرافیای هونەریی دەڤەری باڵەکایەتی

چوارەم : پێکهاتەی ریتم لەگۆرانی فۆلکلۆری ومیللی دەڤەری باڵەکایەتی

پێنجەم : تایبەتمەندی میلۆدی وئاوازە فۆلکلۆری ومیللیەکانی دەڤەری باڵەکایەتی

شەشەم : رۆڵی شۆرەشەکانی بەرەنگاری کوردلەسەر ڕەوشی گۆرانی و موزیکی ئەو دەڤەرە

**يەکەم : توێژینەوەکانی پێشوو :-**

توێژەر دوای گەڕان و ووورد بوونەوە لە سەرجەم ئەو توێژینەوانەی کە وەکو بەشێک بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەکانی (بەکالۆریۆس- ماستەر - دکتۆرا) هیچ توێژینەوێکی زانستی نەدۆزیەوە کەباس لەو بابەتە گرنگە(ریتم و میلۆدی لەگۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری باڵەکایەتیدا) بکات، بۆ یە توێژەر مامەڵەیکی و زانستی ئەکادیمی، شیکردنەوەی بابەتەکانی لەگەڵ ئەو بابەتە دەکەن .

**دووەم : دەڤەری باڵەکایەتی،دیرۆک وسەردەم**

سەبارەت بە ڕەگ وریشەی ناوی باڵەکایەتی گریمانەو بیرو بۆچوونی جیاواز لە سەر بنچینەی ناوەکە دورست دەبێت؛ چونکە بەڵگەی ڕاست ودرست لەبەر دەست نین . لە بارەی ئەوەی کە ناوی باڵەک لەچییەوە هاتووە چەند بیرو بۆچوونێک هەن .

یەکێک لە بۆ چونەکان ئەوەیە کە ناوی باڵەک لە باڵاکیوەوە هاتووە. (بابان ١٩٨٩ص ٣٥)

باڵا واتا بەرز و کێو واتا چیا، کەواتە باڵاکێو واتا چیای بەرز دەگەیەنێت؛ ئەم ووشەیە بەدرێژایی مێژوو گۆڕانی بەسەردا هاتوە و بۆتە باڵەک .(شکاک ٢٠١٣ ل ١٥)

زنجیرەیەک چیای بەرزئەم ناوچەیەی لەهەموو لایەکەوە لەباوەش گرتووە. (بارزانی ٢٠٠٤ل ٧٤)

وەک چیای هەڵگۆرد کەبەرزترین چیای هەرێمی کوردستان و عێراقە و بەرزییەکەی(٣٦٠٧)م لە ئاستی ڕووی ئاوی دەریاوە بەرزە .(غفور ٢٠٠٨ ل ٣٢)

کۆمەڵێک چیای تریش وەک (حەساری سەکران، چیخی دەرێ، بەردەبووک، کۆدۆ و مامە رووت) ەو چەندانی تر، بۆیە لەشوێنی خۆیەتی دەڤەرەکە ناوی باڵاکێوبێت .(ڕوستی ٢٠١٠ ل ٥)

بۆچوونێکی تر پێیوایە ناوی باڵک لە باڵاوە هاتوە، چونکە خەڵکی ناوچەکە زۆربەیان باڵا بەرزن.(صادق٢٠٠٨ ل ١٠)

بەڵام ئەم بۆچوونە تایبەتمەندی بۆ ناوچەکەتیا نیە، چونکە هەمووخەڵکەکە باڵا بەرز نین .

دیدێکی تر لەسەر ناوی باڵەک ئەوەیە کەناوی باڵەک لە (باڵەکان) هاتووە، کە چەندتیرەیەک و گرووپێک هاتوون لە ناوچەکەدا گیرساونەتەوە و هەریەکەیان باڵێک بوونە بۆ خۆیان، بۆیە بەم ناوچەیە وتراوە ناوچەی باڵەکان

بۆچوونێکی تر پێیوایە کە بەشێک لە خەڵکی عەشیرەتی (لەک) کۆچیان کردبێ و لەو ناوچەیە مابنەوە و دواتر ناوەکەیان بووە بە باڵەک .(ڕایاتی ٢٠١٥ ل ١٦-١٧)
سەرەڕای چەند بۆ چوونێک لەسەر ناوی باڵەک، پێمان وایە بۆچوونی ئەوانە لە راستیەوە نزیکە کە دەڵێن ناوی باڵەک لە باڵاکێوەوە هاتووە؛ چونکە ئەم ڕایە تایبەتمەندی بۆ ناوچەکە تیایە ناوچەیەکی شاخاوییە و پێیەوە بەناوبانگە لە هەموو لایەکەوە بە چیا دەور دراوە و بەرزترین لوتکە چیای عێراق و باشوری کوردستانیش دەکەوێتە ئەم ناوچەیەوە کە لوتکە چیای هەڵگۆردە، زۆرترین کەسیش لەسەر ناوی باڵەک ئاماژە بەم بۆچوونە دەکەن، کەواتە ناوی عەشیرەتی باڵەک لە شوێنە جوگرافییەکەیەوە وەرگیراوە .

## سێیەم : جوگرافیای هونەریی دەڤەری باڵەکایەتی

هەمیشە جوگرافیا وەک پێوەرێکی زانستی نەخشە ڕێگا بووە، بۆ پێگەی توێژەر کەدەری دەخات وەک کەرستەو چەمکی گەیشتن بەراستی بابەتی لێتوێژینەوە، لە ڕەهەندە ئابووری و کۆمەڵاتی و سیاسیەکانی لەگەڵ هاو سنور بوونی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کە ناوچەی جیاوازەکانی تری لە خۆ دەگریت، وە تیشک دەخاتە سەر بەرزی ونزمی رووبەری خاک و ریگاو بان، لەگەڵ سەرچاوەی ئاویی و کانزاییەکان و لەوەرگا و هەڵکەوتەی سنوری و ژمارەی شار و شارۆچکەو و گوند و دێهاتەکانی، لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان و سەرچاوەی بژێوی ژیانیان و شێوازی ئاخاوتنی زاراوەکانی زمان و جۆری دیالیکتەکانی کەکاریگەری سنورییەکانی بەسەرەوەیە تەنانەت لە داب و نەریت و...هتد . (ڕاوبۆچوونی توێژەر )

باڵەکایەتی دەکەوێتە باشوری کوردستانی گەورە و باکوری رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکوری رۆژهەڵاتی  پارێزگای هەولێر، باڵەکایەتی سنوورێکی فراوانی هەیە لە ڕۆژهەڵاتەوە بریتییە لە سنوری شاری پیرانشاری وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە زنجیرەی چیای قەندیل درێژ دەبێتەوە بۆ سنووری ناحیەی سەنگەسەری سەر بە پارێزگای سلێمانی کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزای چۆمان، هەروەها لوتکەی هەڵگورد بەرزییەکەی (٣٦٠٧ )م لە ئاستی ڕووی ئاوی دەریاوە بەرزە  دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی قەزای چۆمان و سنوری ڕۆژ ئاوای بە قەزای سۆران دەبەستێتەوە ، هەروەها باکووری قەزای چۆمانیش بە سنوری ناحیەی سیدەکانی سەر بە قەزای سۆران کۆتایی دێت . (ڕایاتی ٢٠١٥ ل ١٧)

**سنووری ناوچەی باڵەکایەتی :**

بۆ دیاریکردنی سنووری ناوچەی باڵەکایەتی لە بەر ئەوەی سەرچاوەی پێویست و زانستیی لەبەر دەست نییە، دەبیت پشت بە قسەی بە تەمەن و شارەزاکانی ئەو ناوچەیە ببە ستین ، بۆیە بە قسەی هەندوێک لە خەڵکی باڵەکایەتی سنوری ئەم ناوچەیە لە (زێوە و بەرزێوە) دەستپێدەکات، بە ڕێگای هامڵتۆن هەوراز دەبیتەوە تا دەگاتە حاجی ئۆمەران ، بەڵام هەندێکی تر پێیانوایە باڵەکایەتی لە گوندی (بەرسیرین)ە وە دەسپێدەکات، مەڵبەندەکەی قەزای ( چۆمان )ە وە ناحیەکانی (قەسرێ ، گەڵاڵە ، حاجی ئۆمەران ، سمێلان ) لە خۆ دەگرێت.

**ناوچەکانی تری دەورو پشتی بەم شێوەیە دەست نیشان دەکرێ :**

١- لە باکورەوە : ناوچەی باڵەکایەتی هەوراز دەبیتەوە تا دەگاتە ناوچەی حاجی ئۆمەران ، بەشێکی زۆر دانیشتووانی حاجی ئۆمەران سەر بە عەشیرەتی باڵەکن، بەڵام (بۆلی و بابۆلی) کۆچەر بوون ، لقێکن لە عەشیرەتی ئاکۆن .
٢- لەباشوورەوە : باشووری باڵەکایەتی لە ( بەرسیرین )ە وە دەسپێدەکات، دانیشتووانی گوندی (بەرسیرین)باڵەکن و ئەم گوندە بە جیاکەرەوەی دەڤەری باڵەکایەتی لەگەڵ عەشیرەتی ( بەگزادە ) دادەنرێت . هەرچەندە بەرسیرین لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی وەرتێیە ، بەڵام خەڵکی بەرسیرین خۆیان بە باڵەک لە قەڵەم دەدەن .
٣- لەرۆژئاواوە : باڵەکایەتی لەرۆژئاواوە تا گوندی ( بێشە ) درێژ دەبێتەوە ، ( گەروە بێش ) سنووری باڵەکاتی لەگەڵ عەشیرەتی برادۆست جیا دەکاتەوە .
٤- لەڕۆژهەڵاتەوە : سنووری باڵەکایەتی لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە گوندی پردە شالی(ڕووباردەیکات بە دووبەش) بەشێکی خەڵکی ئەم گوندە باڵەکن، بەڵام گوندی (زارگەڵی) کەسنووری نێوان باڵەک وعەشیرەتی ئاکۆیە خەڵکەکەی سەر بە عەشیرەتی ئاکۆن و عەشیرەتی ئاکۆ لەوێوە دەسپێدەکات .

تا ئێستا سنووری جوگرافیای باڵەکایەتی قسەو باسی زۆری لەسەرە و بەپێی پیویست ڕوونەکراوەتەوە کە خەڵکی وەرتێ و خانەقا و بەرزێوە لە سنووری جوگرافیای باڵەیەتین یان نا، سەرچاوەکانیش بەتەواوی ئەمەیان نەسەلماندووە، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوو خەڵکی ئەم گوندانە هاوڕا بووینە لەگەڵ خەڵکی باڵەکایەتی، هەرچەندە لە ڕووی ئیدارییەوە خەڵکی وەرتێ سەر بە قەزای ڕواندزن، بەڵام خۆیان بە باڵەک دەزانن.(ڕایاتی ٢٠١٥ ل ١٨-١٩)

**چوارەم : پێکهاتەی ریتم لەگۆرانی فۆلکلۆری ومیللی دەڤەری بالەکایەتی**

لەهەموو گۆشەیێکی سروشدا ریتم بوونی هەیە ، ئەگەر شەو ڕۆژ بە بیر خۆمان بێنین ، لێدانی دڵی مرۆڤ و ئاژەڵ هەروەها هەناسە دانمان بۆ ژیانی ڕۆژانەمان ، بۆمان بە دیار دەکەوێت ، کە ریتم چەندە پەیوەستە بە جوڵەو کات . لە موزیکدا ریتم کاریگەر و هەستیاری هەرە گرنگی دەربرین و هەستی مرۆڤە . پوختەکردنی خایاندنی یەکەکانی دەنگ بە شێوەیەکی ئەندازەیی، لە سەر ئەستۆی ریتمێکی ریکو پێکدایە . جگە لەمە ریتم بنەماییکی زۆر گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی داب و نەریتی هەر میللەتێک ، وەکو خاو خێرایی و خۆرسکی جوڵەی لەش و ئادگارەکانی،شێوازە ریتمی قسەکردنی، کات دابەشکردنی ڕۆژانە، سەماو هەڵپەرکێ، ریتم نەک تەنیا لە ناو گروپە ئەتنیکییە جیاکاندا جیاوازە، بەڵکو لە ناوچەکانی کوردستانیش  جیاوازەی خۆی هەیە وەکو کوردی چیایی لەگەڵ دەشتەکی و شارستانی لەگەڵ گوندی ...تاد ئا بەم شێوە ریتم بە بنەماییکی زۆر گرنگ ئەژمار دەکرێت بۆ دەستنیشان کردنی مۆرک و رووخساری تایبەتی موزیکی هەر میللەتێک . (ئازید ٢٠١٦ل٦١)

ڕیتم لە موزیک دا دەرئەنجامی زنجیرەیەکی کاتییە کە بەدوای لێدانێکی جێگیردا دێت. هەروەها لە زاراوە باوەکانی تری موزیکدا بەناوی جیاوازەوە ناسێنراون وەک بە(ئیتالی – ڕیتمۆ )ی پێ دەوترێت بە(فەرەنسی – ڕیتم ) وە بە (ئەڵمانی – ڕیتموس ) ناودەبرێت. زۆرجار زاراوەی "ڕیتم" بە تێمپۆی پیشان دراوە، بەڵام ماناکانیان بە تەواوی وەک یەک نین، لە کاتێکدا تێمپۆ ئاماژەیە بۆ "کات" یان "خێرایی" پارچە موزیکێک، ڕیتم پێناسەی لێدانی دڵ دەکات . دەتوانیت لێدانی دڵت خێرا یان خاو بێت، بەڵام لێدانی دڵ بەردەوامە — ئەوە ڕیتمە.

ڕیتم واتە پێوەری کاتەکانە لەگەڵ میلۆدی، کە ئاماژە بەوە دەکات چۆن لێدانەکان لە سەرانسەری میلۆدیک تەرخان دەکرێن، ئەمەش ڕێگە بە ژەنیار دەدات پارچە مۆسیقاکە بە ڕیتمێکی گونجاو بژەنن . کەلە ئاستێکی  هاوسەنگ لە نێوانی ریتم و میلۆدی، وەک دوو توخمی یەکگرتوو و تەواو کەری یەکتر،پەیوەندیان بە یەکترەوە هەبێت

ڕیتم لە مۆسیقا و سەما و زمان و شیعرو شانۆ و کولتوور و کەڤاڵ وێنا دەکرێت بۆ ژیان و زیاتر.. لە بنەڕەتدا ڕیتم و کات دەتوانن هەم دەنگ و هەم بێ دەنگی لەخۆ بگرێت .

**کاریگەرییە کولتوورییەکانی ریتم .**

ڕیتمەکان دەگۆڕێن کاتێک کاریگەرییە کولتوورییەکانی لەسەر بێت، هەر بۆیە زۆرێک لە فۆرمەکانی موزیکی کولتووری ریتم و نەخشەی ناسراون. بۆ نموونە جیاوازییەکانی موزیکی ڕۆژئاوا کاتێک بەراورد دەکرێن بە موزیکی هیندی یان ئەفریقی بە شێوەیەکی بەرچاو جیاواز، ڕیتمە ئاڵۆزەکان کە نوێنەرایەتی وەرگێڕانی کولتووری دەکەن، وەک "دەنگی تەپڵ" لە موزیکی ئەفریقیدا، بەردەوامن لە زاڵبوون بەسەر جەوهەری موزیکەکەدا و هەندێک جار دەتوانن بگوازنەوە بۆ فۆرمەکانی تری موزیک بۆ زیادکردنی توخمێکی نوێ بۆ ڕیتمە موزیکیکە

(ئینترنێت١)

ڕیتم زیاتر پەیوەندی بە تێڕوانینێکی مرۆیی هەیە بۆ کات.

ئەگەر لە بازنەیەکی تەپڵ لێدان لە کەسێک بپرسیت بە ئەگەرێکی زۆرەوە پێت دەڵێت ڕیتم پەیوەندی بە پێکەوە ژیانەوە هەیە. هیچ کام لەم وەڵامانە هەڵە نین چونکە ڕیتم ئەو فاکتەرەییە کە موزیک ژەنان لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی دەکەن و دەی ژەنن .

بۆ تێگەیشتن لە ڕیتم چوار چەمکی بنەڕەتین کە دەبێ بزانین

ریتمی نۆتەکان

شوێنی کاتەکان

لێدانی بەهێز و لاواز

دوو و سێ و زیاتر .... ( ئینتر نێت٢)

ڕیتم، دانانی دەنگەکان لە کاتدا. بە گشتی مانا، ڕیتم (ڕیتمۆسی یۆنانی، کە لە لە ڕیین وەرگیراوە، "ڕژان" گۆڕانکارییەکی ڕێکخراوە لە توخمە دژبەیەکەکان. هەروەها چەمکی ڕیتم لە هونەرەکانی تردا ڕوودەدات (بۆ نموونە شیعر، نیگارکێشان، پەیکەرسازی وتەلارسازی) هەروەها لەسروشتدا (بۆ نموونە ڕیتمە بایۆلۆژییەکان).(ئینتر نێت ٣)

## ڕیتم توخمێکی بنەڕەتییەلەپێکهاتەی  مۆزیک :

بۆ دروستکردنی ئەم هاوسەنگییەی کە لە نێوان میلۆدی و زانستی دەنگی هارمۆنیدا دورست دەبێت پێویستە لەوراستیە بگەین کە ڕیتمەکان چەند جۆرن ؟ لەسەر چ جۆرە زانستێک بنیاد نراون ؟ هەروەها چۆن بەکاردەهێنرێن ؟ ئەمانەو زیاتر جێگای پرسیارکردنن .

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە کە توێژەر دەیەوێت شیکارێکی زانستی بکات بیان خاتە روو بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە .

١- ریتمە سادە و لێکدراوەکان
٢- ریتمەکان لە سەر زانستی ماتماتیک بنیاد نراون کە ژمارەی سەرەو و خوارەوە دەست نیشانی ژمارە و جۆری نرخ و بەهای کاتەکان دەکات لە نێو مازورەکان بە شێوەیەکی یەکسان .
٣- بەکارهێنانی جۆری ریتمەکان پەیوەستەبەو داب ونەریتەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کەجوگرافیای ناوچەکە دەریان دەخات، لەچرینی تەواوی ئەو ریتم ومیلۆدییە رەسەنانە (ڕاوبۆچوونی توێژەر )

## پێنجەم : تایبەتمەندی میلۆدی وئاوازە فۆلکلۆری ومیلیەکانی دەڤەری باڵەکایەتی

وشەی میلۆدی لە زاراوەی یۆنانی "ملۆدیا"وە هاتووە کە مانای گۆرانی ووتنە، لەزمانی ئێمەدا وشەی میلۆدی بەکاردێت بۆ دیاریکردنی کۆمەڵێک لەرەی دەنگی  کە بەشێوازی تایبەت لەکاتی جێ بەجێ کردندا ئەدادەکرێت بۆ دروستکردنی دەنگێکی شاز  بەردەوام گوێی مرۆڤ خۆش دەکات بۆ ئەوەی جۆرێک لە کارلێکردن دروست بکات. ئاوازەکە دەتوانێت لە چەند تەنێک پێک بێت، لەو کاتەدا دەبێت لە ئاوازەکە تێبگەین وەک بەشێک لە کارە موزیکیەکان.

ئاوازەکە وەک توخمێکی ئەبستراکت دەبێت وەک کۆمەڵێک دەنگی باس یان دەنگی سێ ئەوەندە تێبگات کە بە شێوەیەکی دیاریکراو بەپێی ئارەزوی ئاوازدانەرەکە ڕێکدەخرێت. میلۆدی لە هەر حاڵەتێکی ژیانی ڕۆژانەدا دەدۆزرێتەوە (ئینتر نێت ٤)

**بنەماکانی شێوازی موزیکی ریتمی میللی وگەلەری:**

- میلۆدییەکان زۆر کورتن و لە دوو سێ یان نەختی زیاتر نۆتە پێکدێن ، زۆر جار دووبارە دەبنەوە.
- ئەگەرئامێری موزیکی هەبێت ، ئامێرو دەنگبێژی بە نۆبە ئەنجامدەدرێت .
- ئەگەر ئامێری موزیکی نەبێت یان یەک کەس ئەنجامی دەدات و کەسێکی دیکە دەیگێرێتەوە ، یاخود کۆمەڵە کەسێک وەڵام دەداتەوە و دەیگێرێتەوە .
- لە شێوازێک لە شێوازە میللیەکان کە بەیتی پێ دەڵێن ، ئامێری موزیکی دەست پێ دەکات ئینجا دەنگبێژ، لەهەندێ ڕەوشدا دەنگبێژی یەکەم تێکست و وشەکانی خۆی بە درێژی و میلۆدی کورت کورت ئەنجام دەدات پاشان ئامێری موزیکی میلۆدییەکە دووبارە دەکاتەوە ، ئینجا دەنگبێژی دووەم و ئامێر ژەن هەمان کار دەکەن، ئەگەر دەنگبێژی دیکە هەبێت بە نۆبە گۆرانییەکە بەرەو پێشەوە دەبەن .
- بایەخ بە سکێڵی موزیکی نادرێت، لە بەر ئەوەی زۆر جار میلۆدییەکان لە دوو سێ دەنگ پێکدێن، ئەگەر لەپلە دەنگی زۆر پێکهاتبێت و سکێل زانی لەلایەن کەسە ئەنجام دەرەکەدا هەبێت، لەو کات سکێلەکە دەستنیشان دەکرێت ئەو سکێلانەی کە زیاتر بەکار دین، زیاتر سکێلی بەیات یان حیجاز ، جاری واش هەیە کە میلۆدییەکان وەکو سکێلی ماینەر یان مێجەر دێنە بیستن .
- دەنگە موزیکییەکان پەیوەستن بەریتمی تێکستەکان کە ریتمێکی کورت کورت وبە ئەکسەنتن واتە سیلابی نەک میلیزمی ( بۆ روونکردنەوەی سیلاب و مێلیزم ). (ئازید ٢٠١٦ل١٨٦)
- بەرەو پێشەوە چوونی دەنگە موزیکییەکان یان لە تەک یەکن یانیش بە بازدانی دەنگ ونۆتە ریتمی ناوەوەی کورت میلۆدیەکە بەرەو پێشەوە دەڕوات.
- ریتمی گشتی و ریتمی میلۆدییەکە ریتمی کورت کورتی خێرانە و بەئەکسەنتی یەک یەکی بەرەو پێشەوە دەڕوات، بڕوانە ریتمە کوردییەکان .
- میلۆدییەکان کەم جار لە ئەلێگرۆ خاوترن ، زۆرینەر جار لە ئەلێگرۆ خێراترن .

زیاتر ئامێرە فووییەکان وەکو : باڵەبان، شمشاڵ، بلور، زورنا، جووزەلە... و ئیتر بەکار دین . هەروەها ئامێرە کوتەییەکانی وەکو : دەهۆڵ و دەمبەک بە میللی پێی دەڵێن زەرب یان تەپل بەکار دێن . (ئازید ٢٠١٦ل٤٩٧-٤٩٨)

## شەشەم : ڕۆڵی شۆڕەشەکانی بەرەنگاری کورد لەسەر ڕەوشی گۆرانی و موزیکی ئەو دەڤەرە

لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆرشی رزگاری خوازی گەلی کورد کەبەشۆرەشی ئەیلول ناسراوە لە دیرۆکی گەلی کوردە لە ١١ ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ سەرهەڵدانی چەکداری لە ناوچەکانی گەلی زاخۆ و بادیناو ودواتر تەشەنەی کرد بۆ ناوچەکانی سۆران و رواندز و پشدەرو خۆشناوەتی و ناوچەکانی تر ئەوەبوو دەڤەری باڵەکایەتی بوو بەماڵ و بارەگای شۆرشگێرانی هەرچوار پارچەی کوردستان، هەرئەمە هۆکاری خەڵکی خۆبەخشی شۆرشگێرو کوردپەروەر و هونەرمەند و ئەدیب و رووناکبیرو رۆشنبیری گشت بەشەکانی کوردستان بوو کە رووبکەنە ناوچە ئازادکراوەکان کە ئامانجیان تەنها خزمەتکردن و پێ بەخشینی شەرەفی ئەندامیەتی بوو لە هەر بوارێک، گرنگ خزمەتکردن بە کوردو کوردستان بکەن، ئەوە بوو هەستی نەتەوایەتی و بەرەنگار بوونەوە لە دژی ئەو زوڵم وستەمەی بەدرێژای مێژوو لەگەلی کورد دەکرا، بۆیە ناوی لانکەی شۆرەشی ئەیلولی بە تەواوی گوند و دێهاتەکانی دەڤەری باڵەکایەتی بەخشرا، لەلایەن سەرکردایەتی ئەوکاتی شۆڕش، هەڵکەوتەییەکی ستراتیجی و جوگرافی هەبوو لەگەڵ وولآتانی دراوسێ لەلایەنی ئابوری و بازرگانیدا، هەمیشە بەناوچە ئازادکراوەکانی شۆرش ناوزەند دەکرا(بۆچونی توێژەر )

هونەرمەند(محمەد ئەنوەر عومەر محمەد قەرەداغی) ناسراو بە (ئەنوەر قەرەداغی) لەبەشێکی چاوپێکەوتنی لەگۆڤاری باڵەک کە گۆڤارێکی مانگانەی رۆشنبیری گشتی بوو، لەچەند بەشێکی دیمانەکەیدا باسی خۆبەخشی و جۆشدانی هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی هونەرمەندانی کوردستان بەگشتی دەکات ، لەناوەراستی ساڵانی ١٩٧٠ کاتێک شۆرەشی ئەیلول لەناوچەکانی باڵەکاتیدا وەچەرخانێکی گەورەی لە بزافی رزگاریخوازی گەلی کورد بەخۆییەوە بینی وە

ئەوێ رۆژێ باڵەکایەتی بوو بەمەڵبەندی هونەرو کوردایەتی لە نمایشکردن و داهێنان و لە دایک بوونی کۆمەڵێک سرودو گۆرانی کە مێژوو شاهیدی ئەوە دەدەن یەکەم ستۆدیۆی تۆمارکردنی ئەو بەرهەمە مەزنانە بۆ شۆرەش و کوردایەتی تۆمارکراون مەڵبەندەکەی باڵەکایەتییە، کەلەژێر هێرشی بەردەوامی فرۆکە جەنگیەکانی بەعس بە بۆمبی ناپڵم ، هونەرمەندانی شارەکانی هەلێرو دهۆک وسلێمانی کۆیی و شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان بێ سڵەمینەوە لە بن بەردو دەوەنی ئەم مەملەکەتە جوانەی یە بەرهەمەکانیان تۆماردەکرد (قەرەداغی٢٠٠٨ ل١٤-١٨).

مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی، دەڵێت ئێمە چەند هونەرمەندێکی شاری سلێمانی دوای ئەوەی بەچەند قۆناغێک لەرێگای وولاتی ئێران لەسنوری حاجی عومەران گەیشتینە شارۆچکەی چۆمان، لەوێ زۆر هونەرمەندانی شارەکانی کوردستان لە چاوەڕوانیماندا بوون، چەند رۆژێک لەوێ ماینەوە، پاشان ماڵێکیان بۆ گرتین لە گەلاڵەو لەوێ ستۆدیۆیەکم دورست کردو دەست بەکاربووین بە تۆمارکردنی بەرهەمەکانمان، بەناوی تیپی مۆسیقای شۆڕش، یەکەم بەرهەمیش کەتائێستاش ماوە ( ئێمە رۆڵەی کوردین ) و (من پێشمەرگەی کوردستانم)بوو، پاشان ڤیستیڤاڵێکی گەورەمان لەگەلاڵە سازکرد زۆر بەسەرکەوتوویی تەواو بوو، ئیتر وردە وردە چالاکیەکانمان لەژێر گرمە گرمی تەیارەو تۆپ ئەنجام ئەدا، بێ سڵ کردنەوە لەهیچ نارحەتییەک، بۆماوەیەک لەوێ ماینەوە، بەڵام بۆردومانی تەیارەکانی رژێم جێگایان پێ لەق کردین رووممان کردە شاخەکانی دەوروبەری گەلاڵە، پاش دوو رۆژ مانەوە لەنا ئەو شاخانەدا شەو لە گەلاڵە کۆبووینەوەو بەرەو حاجی عومەران کەوتینە رێ، لەوێ چەند شەو رۆژێک ماینەوە، دواتر سەرکردایەتی وای بەباش زانی کە بەرەو گوندی (وەسان) بچین و بیکەینە نیشتەجێی خۆمان، لەڕووی ڕۆشنبیریشەوە کار و چالاکیی زۆر لەم بوارەدا ئەنجامدراون لە ناوچەکە، چەندان ئاهەنگ وشانۆ وکاری تری ڕۆشنبیری لەناوچەکەدا کراون . (قەرەداغی٢٠٠٨ ل١٤-١٨)

که راستەوخۆ کاریگەری لەسەر خەڵکی ناوچەکە هەبووە؛چونکە چەندان شاعیر و کەسایەتیی هونەری هاتوونەتە ناوچەکە کاریان کردوە، بۆ نموونە لە قوتابخانەی گەلاڵە لێژنەی رێزمان و ئەدەبی کوردی دامەزرا، لە سەرەتاکانی ١٩٧٢ یەکەم ژمارەی گۆڤاری بەرەو ڕووناکی دەرچوو، کەچەندان کەسی ناوچەی باڵەکایەتی لە دەستەی بەرێوەبردنی گۆڤارەکە بوون، چەند کەسێکی ناوچەکەش بابەتیان لە گۆڤارەکەدا نووسیوە، ئەم گۆڤارە تەنها ٣ ژمارەی لێدەرچووە.
(بەرزنجی ٢٠٠٨ ل٧)

یەکەم چالاکیی هونەریی شێوەکاری لە ١١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ کە پیشانگایەکی وێنەیی بووە ٥٠ تابلۆی کاریکاتێریی لەخۆ گرت بوو لە شارۆچکەی گەلاڵە نمایشکر (وانلی٢٠١٢ ص٤٤٣)

**جەمالی دەلاک لەماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی باسی تیپی مۆسیقای شۆڕش دەکات**

ئەو تیپە مۆسیقیە بوو لەگەڵ تێکچوونی گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و ڕژێمی ئەوکاتی عێراق، لەتەواوی کوردستان شۆڕش دەستیپێکردەوە هونەرمەندانی کوردستان بۆ پشتگیری لەشۆڕشە ڕەواکەی کوردستان بریاریان دا کە بچنە بەرەی گەلەکەیانەوە و بەهونەر پشتگیری لەشۆڕش بکەن و هونەری بەرگری نەتەوەکەیان پتەوتر بکەن، تیپی ناوبراو پێکهاتبوو لەزۆربەی ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەو هونەرمەندانی شاری هەولێر .

تیپی مۆسیقای شۆڕش جیا لەو کارە هونەرییانەی ئەنجامیاندا و چەندین سروودیان بۆ پێشمەرگەو شۆرشی ئەیلول تۆمارکرد ، وەک هەستێکی شۆڕشگێرانەوە و نەتەوەییانە بڕیار ئەدەن کە گەشتێکی هونەری موزیک و شانۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام بدەن بۆتەواوی کەس و کاری پێشمەرگە و ئاوارەکانی کوردی باشوور ، بەڵی ئەو گەشتە هونەرییەیان ئەنجامدا و شەوق و تین و ووزەیەکی زۆریان بەخشیی بە ئاوارەکان لەئۆردوگاکان ، بۆ پشتگیری لەو کارە هونەرییە بەرزەیان، لەئۆردگای (سەراوگەرم ) لەنزیکی سەرپێڵی زەهاو ، تیپی ناوبراو موزیک و شانۆ ماوەی ( ٣) رۆژ ئاهەنگی موزیک و گۆرانی و کاری شانۆییان ئەنجامدا کە بووە جێی خۆشحاڵی ئاوارەکان و ڕەوینەوەی ئەو خەمەگەورەیە کە پێی دەوترا ئاوارەبوون ،

*** سروودەکانی تیپی مۆسیقای شۆڕش کەلەو سەردەمەدا تۆماریان کردوون**

١- (من پێشمەرگەی کوردستانم .. هۆنراوەی (ئیبراهیم ئەحمەد) ئاوازی ( هۆمەردزەیی )

٢- کوردستان نیشتمانی کورد ... هۆنراوەی ( هەژار ) ئاوازی ( فەرید عیسا) وتنی(کۆرس)

٣-پێشمەرگەین وکۆڵنەدەر. هۆنراوەی (نووری وەشتی) ئاوازی (ئەنوەر قەرەداغی)
دەمی ڕاپەڕین ... ...هۆنراوەی ( گۆران) ئاوازی ( غالب تەیفوور ) وتنی(کۆرس کۆرس)
٤- (وتنی ( کۆرس )

٥- (کوردم ئەمن .... هۆنراوەی ( هێمن ) ئاوازی ( ڕەفیق چالاک ) وتنی ( کۆرس )

٦- ئەو شەهیدانەی خوێنیان ڕژا.هۆنراوەی (حەسەن عەوالانی) ئاوازی(سەباح محەمەد ئەمین )

٧- (ئەی کوردینە .... هۆنراوەی ( زێوەر ) ئاوازی (تورکی ) وتنی (کۆرس )

٨- بەکوردی کەوا زمانم پژا ...هۆنراوەی (ن، ئاری) ئاوازی (خالید سەرکار) وتنی(کۆرس )

٩- کوردستان نیشتمانی جوان .هۆنراوەی ( گۆران ) ئاوازی (غالب تەیفوور ) وتنی(کۆرس )

١٠- ئێمە کوردین ..هۆنراوەی ( نوری حەیران ) ئاوازی ( ئەنوەر قەرەداغی ) وتنی(کۆرس )

١١- ئێمە ڕۆڵەی کوردین ...هۆنراوەی ( خالید دلێر ) ئاوازی ( خالید دلێر ) وتنی(کۆرس )

١٢- هەوارە ...هۆنراوەی ( ساڵح یوسفی ) ئاوازی ( ئەنوەر قەرەداغی) وتنی
(ئەنوەرقەرەداغی ، حەسەن گەرمیانی و ڕەمەزان زاخۆیی )

١٣- شەهید هۆنراوەی (عوسمان سەعید و ئەنوەر قەرەداغی ) ئاوازی
((ئەنوەرقەرەداغی)(وتنی ئەنوەرقەرەداغی)

**٭ ئەندامانی تیپی مۆسیقای شۆڕش**

هونەرمەندان :

ئەنوەر قەرەداغی .... ئامێری (کەمان ) سەرۆکی تیپ

خالید سەرکار – سەلاح ڕەووف – دلێر ئیبراهیم – عوسمان محەمەد ئەمین – ئەنوەر محەمەد ئەمین – فاروق صاڵح – ڕەنجبەر خۆشناو ) ژەنیاری ئامێرەی (کەمان )

وریا ئەحمەد – سەباح زاخۆلی ...ئامێری ( عود )

(سەردار ئەحمەد – محەمەد ئەمین حسێن....ئامێری ( نای _ فلوت )

(فەرید عیسا – ئەلبێرت عیسا....ئامێری ( ئۆکۆردیۆن )

(عومەر سەرکار ...ئامێری ( کلارنێت )

(نەجمەدین کەرکوکی .... ئامێری ( ساکسیفۆن )

(نەوزاد عەلی کەریم ...ئامێری ( ترامبێت )

(سەباح محەمەد ئەمین ...ئامێری ( ئیقاع )

(نوری قەرەداغی .... ئامێری ( دەف )

(جەمال شادان ....ئامێری ( باڵەبان )

(محەمەد ئیسماعیل ....ئامێری ( بانگۆز )

ئەم هونەرمەندانەی ناویان لەخوارەوەدا هاتووە لەهەندێک لەبەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای شۆرش دا بەشداربوون و پاش چەند مانگێک بەشدارییان لەشۆرشی ئەیلول کردو پاشان، (***)دەگەڕینەوە بۆشارەکان .

هونەرمەندان :

جەلال عەزیز ڕەسوڵ ..... کارگێڕی و دەنگ

(فەرەیدون دارتاش ...... ئامێری ( کەمان )

(فەرەنسیس داوود ...ئامێری ( کەمان )

(فەرید داوود) .....ئامێری ( کەمان )

(حسێن قەرەداغی .... ئامێری ( عود )

(موئەیەد قوستەنتین ...ئامێری ( ساکسیفۆن )

(جەنان قوستەنتین ...ئامێری ( فلوت )

(سەید ئەحمەد عەبدولکەریم صالح ....ئامێری ( کەمان )

(مستەفا ڕەووف ... ئامێری ( قانون _ عود )

هونەرمەندانی گۆرانیبێژی تیپی مۆسیقای شۆرش ،

:هونەرمەندان

(عوسمان عەلی ( سلێمانی )

(عومەر خەزان ( هەڵەبجە )

(حەسەن گەرمیانی ( سلێمانی )

(ئیبراهیم سابیر (کۆیە )

(ئەسعەد قەرەداغی ( سلێمانی )

(ئیسماعیل وەندی ( خانەقین )

(عەبدولڕەحمان زەنگەنە ( کەرکوک)

(محەمەد تەیب تاهیر ( دهۆک)

(ڕەمەزان زاخۆلی ( زاخۆ )

عیزەدین تەمۆ

(نەجمەدین عەنتەر ئۆغلو ( تورکمان _ کەرکوک )

( کەریم کابان (سلێمانی )

(سەلاح مەجید ( سلێمانی )

( فوئاد ئەحمەد ( هەولێر )

(ڕەسوڵ گەردی ( هەولێر )

(قاسم حەمید ( کۆرس )

(سەرهەد ئەحمەد ( کۆرس )

(جەمیل دهۆکی ( دهۆک ) ( تەتەر )

(جیهان بەخش محەمەد کۆیی ( تۆمارکار ) ( هەولێر ) (ئینتر نێت ٥)

# بەشی سێییەم

## چوارچیوەی ڕێکارەکانی توێژینەوە

یەکەم : گرنگی کاری مەیدانی لە لێکۆڵینەوەی گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆری

دووەم : کۆمەڵگای توێژینەوە

سێیەم : نموونەی توێژینەوە

چوارەم : میتۆدی توێژینەوە

پێنجەم : ئاریشەو گیروگرفتەکانی توێژینەوە

شەشەم : بونیاد وپێکهاتەی نموونەیی گۆرانیەکان

حەوتەم : تەوەرەی ریتم

هەشتەم : تەوەرەی میلۆدی

**یەکەم : گرنگی کاری مەیدانی لە لێکۆڵینەوەی گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆری**

لەم توێژینەوە یە بە پێویستمان زانی لە گرنگی و تایبەتمەندی کاری مەیدانی لە کۆکردنەوەوەی گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری (دەڤەری باڵەکایەتی) بکۆڵینەوە چونکە ئەم پرۆسەییە، پێویستی بە پسپۆری و شارەزایەکی ئەکادیمی هەیە بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئامانجەی کەدەست نیشانی تەواوی ئەوبونیادگەریە بکەین کە ریتم میلۆدییەکانی هەڵقولاوی نێو کولتورو داب ونەریتێکی تایبەتن

ڕێژەن حەسەن: وەک نوسەر و توێژەرێکی مەیدانی چالاک لەم بوارە کۆمەڵێک خاڵ و خاسیەتی توێژەری مەیدانی دەست نیشانی دەکات کە توێژەران چۆن بتوانن بەوزەیەکی کەم زۆرتریت دەسکەوتیان هەبێت بۆ گەڕانی میدانی .

١.دیاریکردنی ناوچەی گەڕان واتە سنوری جوگرافی کە پێکدێت لە (شار، شارۆچکە، گوند، هۆزو تیرەکان کە کۆچەرین).

٢.داب و نەریت: مەبەست لەوە تێگەیشتنە لە داب و نەریت و شێوازی ژیانی خەڵکی لەوناوچەیەدا تا بەریەکەوتنەکان ئاسیبن و زانیاری پێشوەخت هەبێت لەوبارەیەوە.

٣.زمان: تێگەشتن لە زمانی قسەکردن چونکە ئەم کارە پێویستی بەدواندن و گفتوگۆکردن هەیە لەناو خەڵک دا.

٤. پێویستییەکانی تۆمارکردن وەک (کامێرا، تۆماری دەنگی)

٥.چاوپێکەوتنەکان:

-کەسانی بەتەمەن لە (گۆرانی بێژ، موزیکژەن) بەتایبەت لە گوندو ناوچە دورەدەستەکان کە دورن لە تەکنەلۆجیا.

-ناوەندە فەرهەنگیە ئەکادیمیەکان (زانکۆ، پەیمانگا هونەرییەکان)

بەم شێوەیە دەتواندرێت کارێکی مەیدانی سەرکەتوبکرێت کە بە بنەمایەکی گرنگ دادەندرێت بۆ پاراستن و کۆکردنەوە، پاشان ئەرشیفکردنی ئەم بابەتانەو ئامادەکردنیان بۆ پەرەپێدان کە خۆی لەچەند لایەنێکدا دەبینێتەوەو دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەندە هونەرییەکان بەتایبەت زانکۆو پەیمانگاکان،

هەروەها هەنگاو ئەنوەر شێخانی مامۆستاو پسپۆری موزیک لە زانکۆی سەلاحەددین هەولێر پێ وایيە کە گۆرانی کار تایبەتمەندی خۆی هەیە (گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، گەنجینەێکی پڕ بەهایە، مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەوێنەکەی لە سروشتی کوردستانەوە وەرگیراوە، دەماو دەم لە نەوەیەکەوە بە نەوەیەکی تر گەیشتووە و گواستراوەتەوە و ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوریی و سیاسی نەتەوەی کوردە، فەرامۆشکردنی گۆرانی کەلەپوری کوردی، ڕێگەدانە بەلەناو چوونی بناغەیەکی گەورەی بەرهەمی فۆلکلۆری وکەلەپوروناسنامەی کورد بەگشتی(شێخانی،٢٠١٣ل٣٩).

**دووەم : کۆمەڵگای توێژینەوە**

توێژەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بەنموونەی هەندێک لەو بابەتانەی (دەڤەری باڵەکایەتی) دیاری کردوە کە ئەو بابەتانەن کە لەنێو کۆمەڵگاکەدا هەن وە تێدا ئەوانەی هەڵمان بژاردوون نموونەی ئەو بابەتانە خۆی لە دە بابەتی (ریتم و میلۆدی لەگۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری باڵەکایەتیدا)

**سێیەم : نموونەی توێژینەوە**

بریتین لەو نموونانەی کە لەنێو کۆمەڵگایی توێژینەوەدا هەن کە لە دەڤەی باڵەکایەتی هەڵمان بژادون، بۆ ئەوەی دەست نیشانی(ریتم و میلۆدی) بکەم :

| ز | ناوی بەرهەمەکان | گوتنی | ساڵی تۆمارکردنی | جۆری بابەتەکە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەی ڕابیلێ | خۆشناوروستی | ٢٠٠٤ | فۆلکلۆری |
| ٢ | لەبانان لەبانە | حیابەگ روستی | | فۆلکلۆری |
| ٣ | هەی لەمریەمێ کچێ مریەم | حمید حیران | | فۆلکلۆری |
| ٤ | بەژنێ تۆم دارەی دارە | خۆشناوروستی | ٢٠٠٤ | فۆلکلۆری |
| ٥ | بەنازەکچێ بەنازە | حمید حیران | | میللی |
| ٦ | بوکانە | زرار ڕیتی | | فۆلکلۆری |
| ٧ | نەشمیل نەشمیل | حمید حیران | | میللی |
| ٨ | دولبەر وەرە دولبەر | حمید حیران | | میللی |
| ٩ | منجۆلیم | حمید حیران | | فۆلکلۆری |
| ١٠ | بەلۆرە | مریم عبدالله | | فۆلکلۆر |

## چوارەم : میتۆدی توێژینەوە

بریتیە لە ڕێبازی وەسفی شیکارییە

## پێنجەم : ئاریشەو گیروگرفتەکانی توێژینەوە

لە زەمەنی دیاریکراوە و کاتی بەجێهێنانی توێژینەوە ئاریشەوگیروگرفت دەبوونە لەمپەر.

١- زۆر جار ئەوکەسانەی کە دەمان ویست دیدارو چاو پێکەوتن یاخوود کاری تۆمارکردنی دەنگ لەگەڵیان ئەنجام بدین، کاتەکانیان گۆڕانکاری بەسەر دا دەهات، یا خود دوایان دەخست بۆ کاتێکی تربەهۆکاری جیاواز وسەرقاڵ بوون بە ژیانی رۆژانە یا گۆڕانی کەش و هەواو سەختی ڕێگای ئەوگوندو دێهاتانە بەهۆی هەڵکەوتەی ناوچەشاخاوییەوە.

٢- پاشگەز بوونەوەی چەند پیاو و ئافرەتێک لە تۆ مارکردنی دەنگیان، لەترسی بڵاوکرنەوەیان بەهەر هۆکارێک و پێ نەدانی ئەو بابەتانەی کە لەڕابردوو لە بۆنەو کارە هەرەوەزیەکان دەیان چری، وەک ( بوکانە، مەشکەژەنین، لای لایە،بەلۆرە،هتد...)

## شەشەم : تەوەرەی ریتم

**کێش :**

کێش بریتیە لەودەستەواژەییەی کەلە وەزندا ریتم ڕێک دەخات لە ناو رستە موزیکیەکان کە بەشە ووردەکانیان لەناو مازوڕەیەکی موزیک یەکسان دەبن .

**خێرایی :**

لە ئامێری میترۆنۆم پێوانەو پێوەری جۆری خێرایەکان دەست نیشان دەکات، وە جۆری خێرای لە خاوی و خێرایی لە نێوان ریتم و میلۆدی هاوسنگ دەکات لەهەر خولەکێکدا، کەمیلۆدییەکەی لەسەر بنیاد نراوە و دەژەنرێت، لەناو رستە موزیکییەکان، دەنگێکی دووبارەی ئاسایی وەک کاتژمێر بەرهەم دەهێنێت، بۆ یارمەتیدانی موزیکژەنان بە خێراییەکی دیاریکراو(ئینتر نێت٩)

**ریتمی ناوەوە :**

پێکهاتەیەکی ریتمی یە، لەناومازورەکان بەشێوەی مۆتیڤی جیاواز وریتم ئامێزی بچووک خۆی نمایش دەکات .

**فیگەر (فیگۆرا ) Figure :**

ڕەگەزێکی ترە لە ڕەگەز و یەکە سەرەکییەکانی بنیادنانی ڕستە موزیکییەکان وە سەرنجام بۆتە موزیکییەکان، کە لە ناوەڕۆکدا لە زنجیرە دەنگێکی موزیکی، کە هاوشانی میلۆدییەکی سەرەکی دەکەن و شێوەیەکی ریتمیان پێکدێت (فەرەج٢٠٠٥ل٢٣)

فیگەر چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە کە ئەمانەن .

١- فیگەری هارمۆنی

٢- فیگەری میلۆدی

٣- فیگەری هارمۆنی و میلۆدی

٤- فیگەری ریتمی

**فیگەری ریتمی :**

ئەم جۆرەیان پێکهاتەیەکی ریتمی هاوشانی دەبێت و دەبێتە پاشینەیەکی دیار بۆ ئاوازی میلۆدییە سەرەکییەکان، زیاتر ئەم پێکهاتە ڕیتمییە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوتی ڕیتمی یەکێک لە سەما میللیە جیهانییەکان، ئەوەی لێرەدا گرنگە بزانین (فیگەری ڕیتمی) کە لەمەوبەر وتمان ( موتیڤی ڕیتمی) دەبێتە بنەما بۆ پێکهاتەی ڕیتمی لە بیرۆکە سەرەکییەکانی میلۆدییەکاندا، بەڵام (ڤیگەری ڕیتمی) واتە دروستکردنی شێوەیەکی ڕیتمی بۆ هاوشانی کردنی میلۆدییە بنەڕتییەکان وەک پاشینە، روونتر ئەمیان زیتر هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ بەردەوامی دان بە بنیادە سەرەکییەکانی کارە موزیکییەکە (فەرەج٢٠٠٥ل٢٥).

**حەوتەم : تەوەرەی میلۆدی**

**پێکهاتەی مۆتیڤ :**

(مۆتیڤ) لەبنەڕتدا لە وشەی (Motus)ی لاتینیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەواتای (ڕەوت) یان (جوولە) دێت. مۆتیڤ لە هونەری موزیک و شێوەکاری و بابەتە ئەدەبیەکاندا بە واتای بیرۆکەی سەرەکی دێت، بەو پێیە لە هونەری موزیکدا لەرێگەی (مۆتیڤ)ەوە بنەمای داڕشتنی میلۆدییەکان دێتە ئەنجام، کەواتە (موتیڤ) ئەو بیرۆکە موزیکییە پوختەیە، کە لەبەر ڕۆشنایی جووڵە دەنگی و ترپە ڕیتمییەکانی ئەوەوە پێشبینی بۆ دانانی ڕستەو میلۆدییەموزیکییەکانی ناو بۆتە موزیکییەکە دەکرێت. ئەوەش لەیادنەکین کە(مۆتیڤ) زۆرجار هەڵگری مانایەکی ئەستاتیکییە و گوزارشت لە ساتە وەختێک یان دەربڕینێکی دەرونی دەکات(فەرەج٢٠٠٥ل١٨).

**فیگەری میلۆدی :**

ئەم جۆرە (فیگۆرا) لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە ورد کردنەوەو جارێکی تر نمایشکرنەوەی دەنگ و نۆتە بە هێزەکانی ڕستە میلۆدییەکە و دواتر دروسکردنەوەی ئاوازێکی میلۆدی ڕیتمی لەو دەنگانە، بە مەبەستی هاوشانی کردنی میلۆدییە سەرەکییەکان(فەرەج٢٠٠٥ل٢٤).

**بنیادی ڕستەی موزیک :**

سەرەنجامی کۆبوونەوە و گرێدانی ڕەگەز و یەکەوورد و بچووکەکان بەیەکدییەوە، ڕەگەزو یەکەیەکی سەرەکی وگرنگ سەرهەڵدەدات، کە ئەویش ڕستەی موزیکییە.

**پێکهاتەی میانەکان :**

بریتی یە لەشیکارێکی ووردی میلۆدی لە پۆلێنکردنی میانەکان(ئینترڤاڵ) بەشێوەێکی ریز بەند لە بچوکترین میانەوە بۆ گەورەترین میانە لە سەر بنەمایی جۆرو ژمارەی میانەکان بۆ سەرەوە بۆ خوارەوە، هەروەها کۆکردنەوەیان لە خشتەێکی گونجاو.

## ڕاڤەو نۆتەو تێکستەکان : هەی ڕابیلێ

هەی ڕابی لێ وەی کاریلێ مەڕۆ دەردت لەگیانم
هەی ڕابی لێ وەی کاریلێ مەڕۆ دەردت لەگیانم
لە دوێنێ نوێژی نیوڕۆ غەریب و سەرگەردانم
لە دوێنێ نوێژی نیوڕۆ غەریب و سەرگەردانێم
غەریب و ماڵ وێرانێم
لە دوێنێ نوێژی نیوڕۆ غەریب و سەرگەردانێم
غەریب و ماڵ وێرانێم

*****

هەی ڕابی لێ وەی کاریلێ مەڕۆ دیاریەکێت دەمێ
هەی ڕابی لێ وەی کاریلێ مەڕۆ دیاریەکێت دەمێ
سەری کوڵمەت ماچ دەکەم پێ بچمە جەهەنەمێ
سەری کوڵمەت ماچ دەکەم ببمەلۆمەی عالەمێ
سەری کوڵمەت ماچ دەکەم پێ بچمە جەهەنەمێ

*****

هەی ڕابی لێ وەی کاریلێ کیژێ جوان و ژیکەڵە
هەی ڕابی لێ وەی کاریلێ کیژێ جوان و ژیکەڵە
هێی ڕابی لێ وەی کاریلێ دەستم فێرە باخەڵە
هێی ڕابی لێ وەی کاریلێ دەستم فێرە باخەڵە
هێی ڕابی لێ وەی جوان کیلێ دەستم فێرە باخەڵە
هەی ڕابی لێ وەی کاریلێ مەڕۆ دەردت لەگیانم
هەی ڕابی لێ وەی کاریلێ مەڕۆ دەردت لەگیانم
لە دوێنێ نوێژی نیوڕۆ غەریب و سەرگەردانم
لە دوێنێ نوێژی نیوڕۆ غەریب و سەرگەردانێم
غەریب و ماڵ وێرانێم

*****

# هەی ڕابیلێ

میلۆدی / فۆلکلۆری باڵەکایەتی
تێکست/ فۆلکلۆری باڵەکاییەتی
ووتنی/ خۆشناو روستی




- فۆلکلۆری کوردستانی باشور(دەڤەری باڵەکایەتی) بەدەنگی خۆشناو روستی، مەقامی ڕاست، وێنەکێشراوە لەسەر پلەی دەنگی نەوا.

**شیکردنەوەو هێڵکاری مەقامی ڕاست**




- ریتمی دەرەوەی / ئایشۆکێ و حی الله



- ریتمی ناوەوەی/ وەک ئەم نموونەییە






- خێرایی ڕێژەی ( میترۆنۆم )( Adagio ) خێرایی یەک نوارِ یەکسانە بە ٦٠ یەکەی چرکەMM

- فۆرم/Form : لە سێ تێمی سادە پێک هاتووە کە بەدوایی یەکدادێن تەنها تێمی A– B بەدوای یەکەکتری دووبارە دەبنەوە، پێکهاتەی تێمەکان بەم شێوەیەن. ( A – A1 – B – C – C2 )




- نموونەی فیگەری میلۆدی

- بەرزی و نزمی دەنگ ( Pich )

١- دەنگی دەست پێک (لا)

٢- دەنگی کۆتایی (لا)

٣- بەرزترین دەنگ (ڕێ)

٤- نزمترین دەنگ (صۆڵ)

- خشتەی پێکهاتەی میانەکان :

| ز | جۆری میانەکان | ژمارەی میانەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | میانەی یونسن | ٢٥ | |
| ٢ | میانەی دووانی سەرچوو | ٢٢ | |
| ٣ | میانەی دووانی خوارچوو | ١٩ | |
| ٤ | میانەی سیانی سەرچوو | ١ | |
| ٥ | میانەی سیانی خوارچوو | ٤ | |
| ٦ | میانەی چواری سەرچوو | ١ | |
| ٧ | کۆی گشتی دەنگەکان | ٧٣ | |
| ٨ | کۆی گشتی میانەکان | ٧٢ | |

## هەی ڕابیلێ

ئاواز و تێکستی/ فۆلکلۆری بانەکاییەتی

ووتنی/ خۆشناو ڕوستی



## لەبانان لەبانە

لەبانان لەبانە هەی وە باناندا
لەبانان لەبانە خڕێ وە باناندا
لەبانێ هەورێمە هەی وەباناندا
لەگردی چەورێمە خڕێ وە باناندا
لەگردی چەورێمە هەی وە باناندا

*****

لەبانان وەبازە هێ هێ وەباناندا
لەبانان وەبازە دەی دەی وەباناندا
بسکۆڵەی مەرەزە هێکچێ وەباناندا
وەبەخۆم لێکرد حەزە های هەی وەباناندا
بەخۆم لێکرد حەزە هێکچێ وەباناندا

*****

لەبانان بەشنۆکە هەی وە باناندا
هەوکێ بەکرمۆکە هەی وە باناندا
میوانین ئەو شۆکە هەی وە باناندا
میوانینم ئەو شۆکە خڕێ وە باناندا

*****

لەبانێ لە دێمە هێ هێ وەباناندا
لەبانێ لە دێمە هەی هەی وەباناندا
سەرگوفکی چەۆرێمە هەی هەی وەباناندا
میوانی لەیلێمە هێکچێ وەباناندا
هۆ میوانی لەیلێمە هەی هەی وەباناندا

*****

لەبانان مەبازە هەی وە باناندا

پشتی زۆر مەرەزە خڕێ وەباناندا

حەزم لێکرد حەزە هەی وەباناندا

حەزم لێکرد حەزە خڕێ وەباناندا

*****

میلۆدی / فۆلکلۆر

تێکست/ فۆلکلۆری باڵەکایەتی

## لەبانان لەبانە

ووتنی/ حیابەگ روستی و حمید گەلاڵی




- فۆلکلۆری کوردستانی باشور تێکستی تایبەت بە (دەڤەری باڵەکایەتی) بەدەنگی حیابەگ روستی وحمید گەلاڵەی ، لە سەر مەقامی ڕاست پێکدێت،

### شیکردنەوەو هێڵکاری مەقامی ڕاست




- ریتمی دەرەوەی / هێوە




- ریتمی ناوەوەی/ وەک ئەم نموونەییە



- خێرایی ریژەی (میترۆنۆم)(Moderato) خێرایی یەک نوارِ یەکسانە بە٨٥ یەکەی چرکەMM
- فۆرم/Form : لە سێ تێمی سادە پێک هاتووە کە بەدوایی یەکدادێن و دووبارە دەبنەوە، پێکهاتەی تێمەکان بەم شێوەیەن. ( A – A1 – B – B2 – C – C2 )



- نموونەی فیگەری میلۆدی

- بەرزی و نزمی دەنگ ( Pich )

١- دەنگی دەست پێک (دۆ)

٢- دەنگی کۆتایی (فا)

٣- بەرزترین دەنگ (دۆ)

٤- نزمترین دەنگ (دۆ)

- خشتەی پێکهاتەی میانەکان :

| ز | جۆری میانەکان | ژمارەی میانەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | میانەی یونسن | ١٦ | |
| ٢ | میانەی دووانی سەرچوو | ١٠ | |
| ٣ | میانەی دووانی خوارچوو | ١٤ | |
| ٤ | میانەی سیانی سەرچوو | ١ | |
| ٥ | میانەی چواری سەرچوو | ٤ | |
| ٦ | میانەی چواری خوارچوو | ١ | |
| ٧ | میانەی پێنجی خوارچوو | ١ | |
| ٨ | کۆی گشتی دەنگەکان | ٤٨ | |
| ٩ | کۆی گشتی میانەکان | ٤٧ | |

**میلۆدی / فۆلکلۆر**

**لەبانان لەبانە**

**تێکست / فۆلکلۆری باڵەکایەتی**

**وتنی/ حیابەگ روستی و حمید گەلاڵی**



## هەی لە مریەم

هەی لە مریم مریمێ خەڵکی ئەو بەری
هەی لە مریم هێکچێ مریم خەڵکی ئەو بەری
وەی ئەمنی کوشتوومە هۆ مریم خۆت بێخەبەری
ئەمنت کوشتوومە مریمێ خۆت بێخەبەری
هەناسەی ساردت مریەمێ مریەمێ مریەمێ کێولە بن دێنی
هەناسەی ساردت مریەمێ کێولە بن دێنی
ئاهو ناڵەی من هۆ مریەم چیت بەسەر دێنی
ئاهو ناڵەی من مریەمێ چیت بەسەر دێنی

هەی لە مریم هێکچێ مریم خەڵکی ئەو بەری
هەی لە مریم هێکچێ مریم خەڵکی ئەو بەری
ئەمنت کوشتوومە هۆ مریم خۆت بێخەبەری
ئەمنی کوشتوومە مریمێ خۆت بێخەبەری
وەی هەناسەی ساردت مریەمێ کێولە بن دێنی
وەی هەناسەی ساردت مریەمێ کێولە بن دێنی
ئاهو ناڵەی من هۆ مریەم چیت بەسەر دێنی
ئاهو ناڵەی من مریەمێ چیت بەسەر دێنی

**میلۆدی / فۆلکلۆر**

### هەی لە مریەم

**تێکست / فۆلکلۆری باڵەکایەتی**

**ووتنی / حمید حەیران**

A1

A ♩= 120




- فۆلکلۆری کوردستانی باشور تێکست (دەڤەری باڵەکایەتی) بەدەنگی حمید حەیران، مەقامی نەگریز،

### شیکردنەوەو هێڵکاری مەقامی نەگریز



• ریتمی دەرەوەی / هێوە




• ریتمی ناوەوەی/ وەک ئەم نموونەییە



• خێرایی ڕێژەی (میترۆنۆم)(Allegro)  خێرایی یەک نواڕ یەکسانە بە۱۱۰ یەکەی چرکەMM

• فۆرم/Form : لە سێ تێمی سادە پێک هاتووە کە بەدوایی یەکدادێن و دووبارە دەبنەوە، پێکهاتەی تێمەکان بەم شێوەیەن. ( A – A1 – B – B2 – C – C2 )

• نموونەی فیگەری میلۆدی



• بەرزی و نزمی دەنگ ( Pich )

١- دەنگی دەست پێک (ڕێ)

٢- دەنگی کۆتایی (ڕێ)

٣- بەرزترین دەنگ (فا)

٤- نزمترین دەنگ (دۆ)

- خشتەی پێکهاتەی میانەکان :

| ز | جۆری میانەکان | ژمارەی میانەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | میانەی یونسن 🟢 | ١٧ | |
| ٢ | میانەی دووانی سەرچوو 🔴 | ٦ | |
| ٣ | میانەی دووانی خوارچوو 🟡 | ٦ | |
| ٤ | میانەی سیانی سەرچوو 🔵 | ١ | |
| ٥ | میانەی سیانی خوارچوو | ١ | |
| ٨ | کۆی گشتی دەنگەکان | ٣٢ | |
| ٩ | کۆی گشتی میانەکان | ٣١ | |

**هەی لە مریەم**

**میلۆدی / فۆلکلۆر**
**تێکست / فۆلکلۆری باڵەکایەتی**
**وتنی / حمید حەیران**



## بەژنی تۆم دارەی دارە

بەژنی تۆم دارەی دارە دارلە داری هەڵبردی
سینگت تەختەو ڕەورەوە وەستا کاران تێکبردی
خۆم بەخورامی مەلایکا کچ لە کوڕان مارەکردی
خۆم بەخورامی مەلایکا کچ لە کوڕان مارەکردی
خۆم بەخورامی مەلایکا کچ لە کوڕان مارەکردی

*****

بەژنی تۆم دارەی دارە داری شێوی شێخانی
سەرکەدیم لێم دابڕی بنکەد دەکەن جۆلانی
ئەگەر جوانێم نەدەنی دەچمۆناودارستانی
ئەگەر دۆستێم نەدەنی دەچمۆناودارستانی
ئەگەر جوانێم نەدەنی دەچمۆناودارستانی

*****

بەژنی تۆم دارەی دارە داری سەر چیلەو چۆمان
کەزیلەت ماری ئاویاجینگران داوێت لەگۆمان
سەبارەت بە دۆستی خۆم کەتمۆ بەن باری لۆمان
سەبارەت بە جوانی خۆم کەتمۆ بەن باری لۆمان
سەبارەت بە دۆستی خۆم کەتمۆ بەن باری لۆمان

## بەژنی تۆم دارەی دارە

میلۆدی / فۆلکلۆر
تێکست / فۆلکلۆری باڵەکایەتی
ووتنی / خۆشناو روستی



- فۆلکلۆری کوردستانی باشور تێکستی تایبەت بە (دەڤەری باڵەکایەتی) بەدەنگی خۆشناو روستی، لە سەر مەقامی ڕاست چراوە،

**شیکردنەوەو هێڵکاری مەقامی ڕاست**




- ریتمی دەرەوەی / ئایشۆکێ و حی الله




- ریتمی ناوەوەی/ وەک ئەم نموونەییە



- خێرایی ڕێژەی ( میترۆنۆم )( Adagio ) خێرایی یەک نواڕ یەکسانە بە ٦٠ یەکەی چرکەMM

- فۆرم/Form : لە سێ تێمی دوومازوڕە پێک هاتووە کە بەدوایی یەکدادێن تەنها تێمەکانی A– C دووبارە دەبنەوە بەدوای یەکەکتری دووبارە دەبنەوە بەم شێوەیەن. ( A – A1 – B – C – C2 )

- نموونەی فیگەری میلۆدی



- بەرزی و نزمی دەنگ ( Pich )

١- دەنگی دەست پێک (دۆ)

٢- دەنگی کۆتایی (ری٢)

٣- بەرزترین دەنگ (فا٢)

٤- نزمترین دەنگ (دۆ)

- خشتەی پێکهاتەی میانەکان :

| ز | جۆری میانەکان | ژمارەی میانەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | میانەی یونسن 🟢 | ١٣ | |
| ٢ | میانەی دووانی سەرچوو 🔴 | ٤ | |
| ٣ | میانەی دووانی خوارچوو 🟡 | ١٩ | |
| ٤ | میانەی سیانی سەرچوو 🔵 | ٣ | |
| ٥ | میانەی سیانی خوارچوو (پەمەیی) | ٢ | |
| ٦ | میانەی چواری سەرچوو ⚫ | ٥ | |
| ٧ | میانەی حەوتی سەرچوو (خۆڵەمێشی) | ١ | |
| ٨ | کۆی گشتی دەنگەکان | ٤٨ | |
| ٩ | کۆی گشتی میانەکان | ٤٧ | |

**بەژنی تۆم دارەی دارە**

میلۆدی / فۆلکلۆر
تێکست / فۆلکلۆری باڵەکایەتی
ووتنی / خۆشناو روستی



## بوكانه

هەسپانە هەسپانە و هۆی بوکێ
هەسپانەو هەسپانە هۆی بوکێ
بارگی بوکێم شێرە و هۆی بوکێ
ناوەراستی بوک زێرەو هۆی بوکێ
زاوای چاولە رێیە و هۆی بوکێ
بارگی بوکێم سۆرەو هۆی بوکێ
بوکێ دڵ مەگۆرەو هۆی بوکێ
زاوا شۆخی سۆرە و هۆی بوکێ
بوکمان کەسک وسۆرەو هۆی بوکێ
هەسپانە هەسپانە و هۆی بوکێ
سوارچاک لە میدانەو هۆی بوکێ
جادەکەن جلیتانە و هۆی بوکێ
جالەبۆ بوکە خانە و هۆی بوکێ
هەسپانە هەسپانە و هۆی بوکێ
بارگی بوکێم شێرە و هۆی بوکێ
زاوای چاولە رێیە و هۆی بوکێ
زاوای چاولە رێیە و هۆی بوکێ

میلۆدی / فۆلكلۆری
تێكست / فۆلكلۆری باڵەكایەتی
ووتنی / زرار ڕاێتی

## بـوكـانه



- فۆلکلۆری کوردستانی باشوره تێکستی تایبەت بە (دەڤەری باڵەکایەتی) بەدەنگی زرار راێتی، لە سەر مەقامی نەهاوەند چراندویەتی،

**شیکردنەوەو هێڵکاری مەقامی نەهاوەند**




- ریتمی دەرەوەی / تورکی اقصق




- ریتمی ناوەوەی/ وەک ئەم نموونەییە



- خێرایی ریژەی ( میترۆنۆم ) Moderato ( خێرایی یەک نوارِ یەکسانە بە٥٥ یەکەی چرکەMM

- فۆرم/Form : لە دوو تێمی دوومازورِە پێک هاتووە کە بەدوایی یەکدادێن جارێک دووبارە دەبنەوە پێکهاتەی تێمەکان بەم شێوەیە. ( A – A1 – B – B1 )

- نموونەی فیگەری میلۆدی



- بەرزی و نزمی دەنگ ( Pich )

١- دەنگی دەست پێک (سی٢)

٢- دەنگی کۆتایی (سی٢)

٣- بەرزترین دەنگ (رێ٢)

٤- نزمترین دەنگ (صۆل٢)

- خشتەی پێکهاتەی میانەکان :

| ز | جۆری میانەکان | ژمارەی میانەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | میانەی یونسن 🟢 | ١٥ | |
| ٢ | میانەی دووانی سەرچوو 🔴 | ١٢ | |
| ٣ | میانەی دووانی خوارچوو 🟡 | ١٢ | |
| ٤ | میانەی سیانی سەرچوو 🔵 | ٢ | |
| ٥ | میانەی سیانی خوارچوو (پەمەیی) | ٢ | |
| ٨ | کۆی گشتی دەنگەکان | ٤٤ | |
| ٩ | کۆی گشتی میانەکان | ٤٣ | |

**بــوکـانە**

**میلۆدی / فۆلکلۆری**

**تێکست / فۆلکلۆری باڵەکایەتی**

**ووتنی / زرار پاێتی**



# بەشی چوارەم

## چوارچێوەی ئەنجامی توێژینەوە

یەکەم : ئەنجامەکان

دووەم : دەرەنجام

سێیەم : پێشنیارەکان

چوارەم : ڕاسپاردەکان

پێنجەم: سەرچاوەکان

شەشەم: پاشکۆ – ڕاپرسی – وێنە – نۆتەی زیادە

**یەکەم:ئەنجامەکان**

١- لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەییەدا بۆم دەرکەوت کە تەواوی ئەو گۆرانی و میللۆدییە ڕەسەنانەی دەڤەری باڵەکایەتی چ وەک فۆلکلۆرییە کان چ وەک میللیەکان هەریەکەیان شاکارێکی چێژبەخشن لەسەر گوێچکەی مرۆڤ.

٢- تایبەتمەدی ناوچەیی خۆی هەیە لە رووی تێکست و هۆنراوەکان و ریتم و ئاواز و ئەداکردنیان لەسەر شێوە زاری دانیشتوانی باڵەکایەتی.

٣- هەردەنگ بێژێکی ئەم دەڤەرە لە ئەداکردنی بابەتە هونەریەکان قوتابخانەکە، چونکە بەدرێژای مێژوو ڕۆڵی بەرچاویان گێراوە لە ناساندن و پاراستنی ئەومیللۆدیانەی کە دەی چڕن .

**دووەم : دەرەنجام**

لە دەرنجامی شیکاری ریتم و میلۆدی لە گۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری باڵەکایەتیدا ئەو دەنگ بێژە میللی و فۆلکلۆریانەی کەگۆرانی دەچرن، مەقامی تەواویان بەکار نەهێناوە وەک ئەو هەشت دەنگەی کە مەقامی لەسەر بنیاد نراوە، بەڵکوزیاتر ئەدای ئەو تێکستەکانیان لەسەر ئەوچوار دەنگەی کە مەقامەکەی پێ دەناسرێت کە بە تیتراکۆردی خوارە وە ناسراوە، دەی چرن هەر بۆ یە هەوڵم داوە، ئەو ریتم و میللۆدییە فۆلکلۆر ی و میللی یانەی ناوچەکە بە بەرگێکی جیاوازتر دایان برێژمەوە، کەبە هەوڵ وکۆششکردن لە کۆکردنەوەی تێکست و نووسینەوەو بە نۆتەکردن و تۆمارکردنیان بخەمەڕوو، هەروەها ئەوبابەتانە بۆ یەکەمین جار توانیم خاوەندارییەتی دەڤەری باڵەکایەتی وەک دۆکۆمێنتێکی زانستی وهونەری بەئەنجامی بەگەینم کە بەبێتە دەرەنجامێکی باش بۆ ئێستاو داهاتوو، بەشانازییەوە، ئەمەش لەئەنجامی کۆششکردن و یارمەتی دان و پشتگیری بەردەوامی سەرپەرشتیاری توێژنەوەکەم بووە، خوازیارم لەئاست ئەو بەرپرسیارییەتەدا بم کە توانیبێتم مشتێک لەخەرمانەی مێژووی هونەری ڕەسەنی ناوچەکە تۆماربکەم لە چوارچێوەی ریتم و میللۆدی.

## سێیەم : پێشنیارەکان

-پێشنیار دەکەم بۆ ئەو کەسانەی کە لە داهاتوودا توێژینەوەئەنجام دەدەن بەتایبەت، قوتابیانی کۆلێژو پەیمانگاکان وتوێژەرانی بواری موزیک لەسەرئەو بابەت و فۆمانەی ناوچەی باڵەکایەتی کە من نەم کردووە یاخود بە هەر هۆکارێک بوو بێت نەم خستبێتە روو ئەوا پێشنیار دەکەم ئەوان بەدەستی بهێنن لە داهاتوودا.

- رووماڵکردنی ئەو چەمکە هونەریە ڕەسەنانە لەلایەن کەسانی پسپۆر لە کۆکردنەوە و بەچاپ گەیاندنیان کەدەستی نووسەرو هونەرمەندایان ییێنەگەیشتووە.

## چوارەم : ڕاسپاردەکان

١- نوسینەوەو بە دۆکۆمێنت کردنی ئەوبابەتانە لە داهاتوودا وەک سەرچاوەیەکی زانستی سودی لێ وەر بگیرێت بۆ ئەوەی بەگرنگی سەیر بکرێت، لەئایندەدا هەوڵ بدرێت ئەم ناونیشانەی توێژینەوەیە لە بەرگێکی جوان و خنجیلانە بکرێتە نامیلکە بۆ کتێبخانەی گشتی نەتەوەکە مان .

٢- لەهەکبەی دەڤەری باڵەکاییەتی دا گشت ئەو بەرهەمە دانسقە جوان و ناسکانە کە کۆکراو نەتەوەوە، خوازیارم لە ئایندەدا، ئەم بەرهەمە خامانە بەشێوەیکی هونەری و زانستی لێژنەێک پێک بهێنرێت لە کەسانی پسپۆری ئەم بوارە، دابەشکردن و پێرفۆرمانسی بۆ بکرێت وەک بەرهەمێکی ڕەسەنی نەتەوەیی لە ڤیستیڤاڵی پەیمانگە و کۆلێژەکانی هونەری نمایش بکرێن .

٣- لایەنی پەیوەندی دار وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەشە هونەرییەکانی گۆرانی و موزیک وتوێژەران، هاوکاریو زەمینە سازیان بۆبکرێت لە کۆکردنەوە وپاراستنی ئەم گەنجینە پربەهاییە.

٤- ئەرکی لایەنی مەعنییە وەک وەزارەتی رۆشنبیری ساڵانە لەکارو چالاکیەکانی خۆی، هەم ئاهەنگ بێت بۆ سازدانی کۆنفراس ودیبیت و وێرکشۆپ لە چوار چیوەی ئەوبابەتە ریتمی و فۆلکلۆری و میللیەنەی کەلە گشت بەشەکانی کوردستان بونیان هەیە، لە زیندو کردنەوەو پارێزگاری لێکردن و دارشتنەوەیان بۆ ئەوەی لەناو نەچن وپشتگوێ نەخرێن .

# ســـەرچـاوە

پەرتوکە کوردییەکان :

١- گوندەژۆری ، ئیسما عیل ، گوندەژۆر ،چاپی یەکەم ، وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر پاپخانەی ماردین،٢٠٠٩
٢- گوندەژۆری ، ئیسما عیل ، ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئەحمەدی خانی سۆران،٢٠٢١
٣- ئازید، جەلیل ئازید، تیۆری موزیک ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆژهەلات هەولێر،٢٠١٦ .
٤- نورەدین، بوار نورەدین، دەنگی مێینە لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا، چاپی یەکەم , سلێمانی،٢٠٠٤.
٥- رەسول، د.عیزەدین مستەفا رەسول، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی چاپی سێیەم هەولێر
٦- ئیبراهیم، د.شوکریە رەسول ،ئەدەبی فۆلکۆریی کوردی ، چاپی دووەم،١٩٨٤ .
٧- ڕایاتی، گۆران شاخەوان ڕایاتی، چەپکێک لە زمان و فەرهەنگی باڵەکایەتی ،چاپی یەکەم چاپخانەی شەهاب هەولێر،٢٠١٥ .
٨- عومەر، ڕێباز دلاوەرعومەر، پێگەی باڵەکایەتی لەشۆڕشی ئەیلولدا ١٩٦١ – ١٩٧٥، چاپی یەکەم دهۆک، ٢٠٢١ .
٩- بارزانی، مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، شۆڕەشی ئەیلول(١٩٦١-١٩٧٥) بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٤.
١٠- غەفور، عبداڵلاغفو، جوگرافیای کوردستان، چاپی پێنجەم، چاپخانەی هەولێر،٢٠٠٨ .
١١- فەرەج،غەمگین، دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک، چاپی یەکەم هەولێر چاپخانەی منارە، ٢٠٠٥ .
١٢- شکاک، اسماعیل محمد خضر شکاک، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دۆڵی باڵەکایەتی((توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی کۆمەڵایەتییە لە شارەدێی حاجی ئۆمەران))

پەرتوکە عەرەبییەکان :

١- ابراهیم، مهدی مبادئ العلوم الموسقیة، الطبعة الاولی، دار علاءالدین للنشر و التوزیع والترجمة،سوریا،٢٠١٤.
٢- الهاشمی،أحمد، میزان الذهب في صناعة شعر العرب، مكتبة المتنبي، بغداد، ١٩٧٩ .
٣- میخییفا، القاموس الموسیقي في حكایات، الطبعة الاولی، دار علاءالدین للنشر و التوزیع والترجمة،سوریا دمشق، ٢٠١٤ .
٤- بابان، جمال بابان، أصوات أسماء المدن و المواقع العراقیة، الجزء الأول، مطبعە المجمح العلی الكردی،بغداد، ١٩٨٩ .
٥- وانلی، عصمةشریف وانلی، كردستان العراقیة هویة وطنیة (دراسة في ثورة ١٩٦١)، ت: سعاد محمد خضر، موسسة ژین، مطبعة شڤان، (السلیمانیة، ٢٠١٢.

سەرچاوی گۆڤارەکان :

١- ڕوستی، نادر، چۆن دەتوانین گەشتوگوزار بۆ دەڤەری باڵەکایەتی بکەین بەسەرچاوەی داهات، هەفتەنامەی هەڵگۆرد، ژمار(٥) سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان، ٢٠١٠.

١- شاکر، ئامانج غازی، گەڕانی مەیدانی، چلاواز، گۆڤارێکی مانگانەیە، ژمارە(١١ )دەزگای موزیک وکەلەپوری کورد،ڕەشەمێ،٢٠٠٧ .

٢- شێخانی، هەنگاو ئەنوەر، تایبەتمەندی گۆرانی کار لەدەشتی هەولێر، چلاواز، گۆڤارێکی مانگانەیە، ژمارە(٣) دەزگای موزیک وکەلەپوری کورد،جۆزەردان، ٢٠٠٦ .

٣- باوکی دێرین، تیپی مۆسیقای شۆڕش، چلاواز، گۆڤارێکی مانگانەیە، ژمارە(٣٨) دەزگای موزیک وکەلەپوری کورد،گوڵان-جۆزەردان، ٢٠٠٩ .

٤ – قەرەداغی، ئەنوەر، بیرەوەرییەکانم، باڵەک، گۆڤارێکی، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە، ژمارە(٤) سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان، ٢٠٠٨.

٥- گەلاڵەی، حەمید، حەیران بەشێکە لەژیانی حەمیدگەلاڵەی، باڵەک، گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە، ژمارە(٢) سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان، ٢٠٠٨.

٦- بەرزنجی،ئیبراهیم سەید سەعید، گۆڤاری بەرەو ڕوناکی، باڵەک، گۆڤارێکی مانگانەیە، ژمارە(١) سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان، ٢٠٠٨.

وێپ سایتەکانی ئەلیکترۆنی :

١- https://www.liveabout.com/rhythm-definition-2701751

٢- /https://blog.landr.com/what-is-rhythm-time-beat-meter

٣- https://www.britannica.com/art/Eurovision-Song-Contest

٤- https://ar.facts-news.org/taaryf-allhn

٥- ٨٤١٢٩https://kurdistantv.net/ku/news/

٦- EQxEM٧https://youtu.be/YGWrk

٧- R٩Yhcl١cM/?mibextid=٩https://fb.watch/jxTaHGw

٨- https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/metronome

٩- fB١Rb٢KpOqiQy/?mibextid=٩https://fb.watch/jQ

١٠-

**شەشەم: پاشکۆ – ڕاپرسی – وێنە – نۆتەی زیادە**

گۆرانی کار لای دکتۆرە شوکریە رەسول ئیبراهیم لەپەرتوکی (ئەدەبی فۆلکۆریی کوردی )

**١- گۆرانی کار :-**

١- درویێنە .

٢- ڕاوکردن .

٣- ساوار کوتان .

٤- دەستاڕ هارین .

٥- شوانکاری .

٦- کاسبکاری .

٧- جوتیاری .

٨- بیریاتی .

٩- مازو چنین .

١٠- مانگا دۆشین .

١١-مەشکە ژەنین .

**١- گۆرانی بۆنەکان :-**

١- منالّ بوون .

٢- نیشانە کردن .

٣- خەتەنە سوران .

٤- بوک بردن ( گواستنەوە ).

٥- خەنە بەندان .

٦- ئیشک گرتن .

٧- هەڵپەرکێ و شایی .

٨- گۆرانی ئاینی .

٩- پرسە گرتن ( شین و لاوانەوە ) .

١٠- دوورکەوتنەوە .

**٢- گۆرانی رۆژانە :-**

١- گۆرانی یاری (منالاّن و گەوران ).

٢- گۆرانی لای لایە .

٣- گۆرانی دلّداری .

(ابراهیم١٩٨٤ل١١٦-١١٧).

## دولبەر وەرە دولبەر

لە سەران لە ساران دولبەر وەرە دولبەر
لە سەران بۆن سیردێ دولبەر وەرە دولبەر
وەی دەنگی گوڵی پیردێ بۆ نایێ ئەسمەر
جعێڵیم وەبیر دێ دولبەر وەرە دولبەر
هەورێ لە نیسانێ دولبەر وەرە دولبەر
دەخورِن لە عاسمانێ دولبەر وەرە دولبەر
دەرِشێنن بارانێ دولبەر وەرە دولبەر
هەوران هۆیە هۆیە دولبەر وەرە دولبەر
دەخوێنی هەڵۆیە دولبەر وەرە دولبەر
مەوتنن شنۆیە دولبەر وەرە دولبەر
هەوران هەور کردن دولبەر وەرە دولبەر
کیژان مەمک کردن دولبەر وەرە دولبەر
کورِان دەست تێکگرتن دولبەر وەرە دولبەر
لە سەران لە ساران بۆنایێ دولبەر

لە سەران لە ساران دولبەر وەرە دولبەر
لە سەران بۆن سیردێ دولبەر وەرە دولبەر
دەنگی گوڵی پیردێ دولبەر وەرە دولبەر
جعێڵیم وەبیر دێ بۆ نایێ ئەسمەر
هەورێ لە نیسانێ دولبەر وەرە دولبەر
دەخورِن لە عاسمانێ دولبەر وەرە دولبەر
دەرِشێنن بارانێ دولبەر وەرە دولبەر
هەوران هۆیە هۆیە دولبەر وەرە دولبەر
دەخوێنی هەڵۆیە دولبەر وەرە دولبەر
مەوتنن شنۆیە دولبەر وەرە دولبەر
هەوران هەور کردن دولبەر وەرە دولبەر
کیژان مەمک کردن دولبەر وەرە دولبەر
کورِان دەست تێکگرتن دولبەر وەرە دولبەر
لە سەران لە ساران هاوارە بۆت مردم  وەرە

## بەنازە

بەنازە کیچێ بەنازە ئەم کیژۆڵە چاوبازە
هەموو رِۆژی ئێواران دێنە دەرکی دەروازە
نازانم لۆ نایبینم کورِەلێی وەربگرم ئیجازە
هانایت وەبە بینم یا محمدی مەدینێ
یارم لەماڵێ نەبوو کورە رِۆی بۆگوڵ چنینێ
وەی سەرت هەڵێنە یارێ بابینم ئەویارێ

وە بەنازە برا بەنازە ئەم کیژۆڵە چاوبازە
هەموو رِۆژی ئێواران دێنە دەرکی دەروازە
نازانم لۆ نایبینم لێی وەربگرم ئیجازە
هانایت وەبە بینم یا محمدی مەدینێ
یارم لەماڵێ نەبوو رِۆی بۆگوڵ چنینێ
سەرت هەڵێنە یارێ بابینم ئەویارێ

## نەشمیل

نەشمیل نەشمیل هەی نەشمیلانێ
جێمکەو رِێمکە هەی لە نێوانێ
بەوی بەوخالیقەی وەی لەسەر سەری
بەژنت سوسنە دەی دەی لە گادەری
بۆخۆی دێنم هەی لەبەر سەری

نەشمیل نەشمیل وەی نەشمیلانێ
جێمکەو رِێمکە هەی لە نێوانێ
بەوی بەوخالیقەی وەی لەسەر سەری
بەژنت سوسنە هەی لە گادەری
بۆخۆی دێنم هەی لەبەر سەری

## منجۆلیم

منجۆلیم کچێ لە خەلانێ هاوارە منجۆلییە
منجۆلیم کچێ لە خەلانێ هاوارە منجۆلییە
کوێربم لۆ گوندی ئالآنێ هاوارە منجۆلییە
کوێربم لۆ گوندی ئالآنێ هاوارە منجۆلییە
ماڵیان هاتە دەشتە دیانێ هاوارە منجۆلییە
ماڵیان هاتە دەشتە دیانێ هاوارە منجۆلییە

منجۆلیم لە خەلانێ هاوارە منجۆلییە
منجۆلیم لە خەلانێ هاوارە منجۆلییە
کوێربم لۆ گوندی ئالآنێ هاوارە منجۆلییە
کوێربم لۆ گوندی ئالآنێ هاوارە منجۆلییە
ماڵیان هاتە دەشتە دیانێ هاوارە منجۆلییە
ماڵیان هاتە دەشتە دیانێ هاوارە منجۆلییە

## بەلۆرە

بالۆرێ یان بالۆرە ناسکترین و جوانترین شاکاری ئەدەبی سەرەتایی بیرو هزری کچ وکوڕی کوردبووە ، ئەدەبیاتی سەرزاری و مێژووی ژیانی گەنجایەتی نێرو مێی نێو کۆمەڵگا دەگێڕێتەوە ، کە مرۆڤی کورد لەسەرتای تام و چێژی ژیانی هەرزەکاریدا چەند حەزی لە گاڵتە و گەپ و شەڕەقسەبووە،چەندە خۆژیوو و بیر ڕۆشەن بووە ، شەیدای دەربڕینی ڕازو و نیاز و نازی دەروونی و جەستەیی بووە .

## جۆرەکانی بـالۆرە

بالۆرە لە ڕەزمی ئاوازدا یەک جۆرە ، هەر وەک ئەحمەد شادی باسیدەکات و دەڵێ :

((بالۆرە بریتیە لە ودەنگ و ئاوازەی کە لە گەرووی مرۆڤە وە دێتە دەرەوە ، بە هۆی لێدانی دەست و پەنجە وە ، لە خوار چەناگەوە تا کۆتایی مل بە سینگەوە ، بە هۆی هەڵبرینی دەنگەکە واتا قامک لە گەروودان و دەنگ دەبنە مۆسیقا و ئاوازێک ... ، هەروەها ناوەرۆکی دەقەکانی بالۆرە دابەشدەکات بە سێ بەشەوە :

١- ئەویندارى و خۆشەویستی .
٢- شەڕەجنێو .
٣- وەسفکردنی سروشت ))

( دەنگی مێینە لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا_بوار نورەدین) لە زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلەپوری کورد ژمارە(٨)

**بەلۆرە**

بەلۆرێ بەلێوان
ترێ ی تولیە مێوان
ماچ خۆشترن لە سێوان

بەلۆرێ دەڕۆم ودەناڵم
کۆترێ پێ بەخاڵم
لەدووتووعەودالم
عاشقی چاوی کاڵم

بەلۆر لە نەویانە
شەرێ گاکیویانە
تەڕناکەم کەزیانە
کەتمە غەریبیانە

بەلۆرلەسەرشاخان
لەجەرگم دەن داغان
دەست هەڵناگرملەکچە ئاغان

**بەندی درویٔنه**

هەدرونه درونه درونه
دەسکی داسـێم بەرروونه
هەداره بـــڕۆ هەداره
داری سـەرکەندوچۆمـان
کەزی لەت مـاری ئاوییـان
جنگڵان دەکەن له گۆمان
هەداره بـــڕۆ هەداره
دارلەداری هەڵبردی
بەژنت تەخت و رەو ڕەوه
وەستاو کاران تێک بردی
لەسبەی تاکو ئێواریێ
دانیشـتم لەکن یاریێ
یاریێ چابۆمن تیێ کرد
تێکی دا بەسـپینداریێ
قاســـیدوبازرگـانم
سـبەی دەرۆم سـەحـەریێ
کاڵەک وگۆریـەم گرێدان
دەچمه چۆمـی گـادەری
دەچمه سەری هەڵگۆردی
دەنۆڕیـته لاجـانـیێ
یـارم کـارمـــــامــزه
بەخۆم گرتووه لەلانـیێ
هـەڵگۆرده بڕۆ هـەڵگۆرده
هـەڵگۆردی بڵندو نەوی
چەن و بروسک ویێ بکەوی
بـەردت لـیێ ببنـه زەوی
دوو رەشماڵـی رەشـکۆکه
هەڵیـان دا لـه بـناری
دووکیژی گوارەزێرین
پێش رەشماڵیان دەماڵی

گونده ژۆر ل١٢١ – ١٢٢

**گۆرانی - درویَنەی نیسک ونۆک وماش**

بەژنیَ تۆم دارا دارا
داریَ سەر چیلەوچۆمان
کەزیلەی ماری رەش بوو
خۆی داویَ تۆ لە گۆما
قاسیدو بازرگانم
سبحەی دەرۆم بەیانی
کارەشیَ خۆم لە پیَکرد
گۆریم بەستن لەڕانی
بەسەر دەبریَ بەسەردا
بەسەر دەشت و نیو دەشتیَ
پیَم دەرکیَفیَ بۆرەی نا
خەزیَم زیَرم گەیشتیَ
بەسەر دەبریَ بەسەردا
بەسەر دەشتیَ ماوانیَ
سەد حوشتری بەبار بوو
هەمووم نارد لۆ لاجانیَ
هەمووم دان بە دەرزیەکیَ
شۆر پیَ بکا دوورمانیَ
یاخوا دەرزیت لیَ پسیَ
دەگەر داو تیَ هەڵدانیَ
بەژنیَ ویَم دارا دارا
داریَ سەر چیلەوچۆمان
کەزیلەی ماری ئاویان
خۆی داویَ تۆ لە گۆما

یەحیا بەگ روستایی

## تێکستی گۆرانی بۆ شـایی و هەڵپەڕکێی سێ پێی

ناچمۆ کوێستانان بە بەفروبایە
ناچمۆ رایاتی بە پێچ وپەنایە
بۆکێ دەگری و کێن بەتەمایە
هەی مەندێ مەندێ سورەگوڵە مەندێ
چ گراویم نینە بینــم دەبەندێ
سوێسنە لە هەڵاڵە لە رازێ
چەند مەرم بەردانیە چیای گەڵازێ
ئەمان گەڵاڵی دیسان گەڵا گوێز
بریا ئیمن بای شەوێ بەپارێز
پردێ رواندزێم بە چریکە چریکە
ئەو کاولە پردەم بە چریکە چریکە
گەنمی بەر ماڵان سـاردە فەریکە
وەروحی من ولەیلێ وێکرا شەریکە

گوندە ژۆر ١٢٢ – ١٢٣

**حەیران**

حەیران بەوێ بەهارێ ئەمن دەچمە سەرێ هەڵگۆردی
هەڵگۆرد لەمن چەندە بڵندە
وەکی سەرێ دادەنۆڕی قەرە رەشماڵی بابی نازدارحەیرانێ لەبندا
ئەمن دەمگۆ ئەگەر تۆ یارەکی بە متمانەو بە بڕوای نیشانۆکەکی وەمندە
حەیران لە گۆمە هیشکێ
ناوقەد باریک و رۆین کێروشکێ
دەتو بە من بڵێ کاکە ، بامن بەتوبڵێم خوشکێ
عالەم وفەسادی گوندێ من ، گەلێ زۆرن بابەمن وتۆ نەیێنی شکێ
کچ دەڵێ حەیران لە چەمچەماڵی
کەوەک دەخوێنی کەو بار دەناڵی
مێردی نا بەدڵ گویی سەی بەماڵی
شەوێکم رابوارد بە هەزار حاڵی
گەردەنی نازدار حەیرانێ ، گەلێ ناسک و تەنکۆکەیە بەربەنەی لێ دێ
گوندە ژۆر ١٢٣ – ١٢٤

**بوكانە بەشێوەی مەتارێز لەپێش بوک دەوترا لەکاتی گواستنەوەی بۆماڵی زاوا**

دوو بالیفان چێ کەن بوکێ
کوڵکان سیێ تێکەن بوکێ
زاواو بووک سەروێکەن بوکێ
هەسپی بوکێم بۆزە بوکێ
سواران کردیە تۆزە بوکێ
بوکمان چەندە قۆزە بوکێ
هەسپی بوکێم شێیە بوکێ
زینێ زەردی لێیە بوکێ
زاوای چاولە رێیە بوکێ
بوکمان هێناو هاتینەوە بوکێ
لە ناوەندە پەڕینەوە بوکێ
بوکێ خۆنەو ئەی بەینەوە بوکێ
بینە دەر بینەوە بوکێ
بینە دەر لە خانی بوکێ
پێدادەن کەتانی بوکێ
بوکێ مە چ جوانی بوکێ
رێیی موسلێم دەزی بوکێ
زاوا دابەزی بوکێ
هێناو سەروەکەزی بوکێ
گوندە ژۆر ١٢٤ – ١٢٥

**گۆرانی - مەشکەژاندن**

مەشکم مەشکێ بەرانی
ئەوا لەبن تەلانی
مەشکم مەشکێ گایێ سۆر
لە کابانێ زەرد و سۆر
مەشکم مەشکێ مانگایێ
بەبێ تۆ سەبرم نایێ
مەشکم مەشکێ بەرانی
ئەوا لەبن تەلانی
بوک پیرۆزی خودانی
بوک پیرۆزی خودانی

زرار ڕایەتی

## گۆرانی - مەشكەژاندن

مەشكم مەشكێ گامێشێ
چەندم شان و قۆل دێشێ
چەندم كردیە مەشكە ژەنی
سەرم بۆتە تەپڵە چوێنی
حازاب نبی پێم نامینی
هەی ماڵە بابێ من بی
باردەكەین بۆ جاندارە
ڕوونی دەگرین بە بارە
لەبۆ پایزە هەوارە
هەی عەمر و چاوێ من بی
مەشكم مەشكێ نێریانی
دەژێنم لە تەلانی
هەی عەمر و چاوێ من بی
هەی ماڵە بابێ من بی

یەحیا بەگ روستایی

## گۆرانی بێریلێ

هۆدەڵێم بێریلێ دەی دەی جا بێر لە كەندێدایە
مەڕێ بابێ تۆم دەلال وەی تالانێ لێ دایە
وەی دەڵێم بێریلێ وای بێریلم دوونە
وەی دەڵێم بێریلێ وای بێریلم دوونە
دەكوڕە بەرم دە وەی وەڵداشم چووینە
دەكوڕە بەرم دە وەی وەڵداشم چووینە
وەی دەڵێم بێریلێ وەی بێریلم گەلەكن
وەی دەڵێم بێریلێ وەی بێریلم گەلەكن
وەی بێریێ گچكۆكە وەی چاویە بەڵەكن
وەی بێریێ گچكۆكە وەی چاویە بەڵەكن

حەمید گەلاڵەیی

**چاوپێکوتنێکی مەیدانی لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ئامێری شمشاڵ لە دەڤەری باڵەکایەتی،وە جۆر و نزمەکانی (مەقام) لای شوان و ژەنیارانی ئامێری شمشاڵ لە دەڤەری باڵەکاییەتی**

حسین عبدالله احمد ناسراو بە حسین ابو شوارب لەدایک بووی شارۆچکەی گەلاڵەیە لەدیمانەوچاوپێکەوتنێکی کورتدا سەبارەت بە جۆرو ریتمی ئاوازەکانی ئامێری شمشاڵ، بەم شێوەیە وولامی پرسیارەکانی داینەوە، بۆمان دووا.

پ/ دەکرێت بزانین لەدەڤەری باڵەکاییەتی شمشاڵ ژەنی بەتوانا هەبوو ؟

و/ لە پێشاندا شمشاڵ ژەنی زۆر بە تواناو بەناو بانگ هەبوون بەلام زۆر کەمیان لە ژیاندا ماون، ئەوەی لە ژیانیشدا ماوە لە ئێستادا وازی هێناوە لە ژەنینی شمشاڵ بە هۆکاری ئەوەی لە ئێستادا مەڕو مالات بەخێوو ناکەن خەریکی ژیانێکی ئاسایین چونکە زۆربەیان لە شوانەتیدا ئەم کارەیان ئەنجام دەدا، ئەگەر هەشبێت بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن و دەگمەنن ئەوکەسانە .

پ/ ئەوەی ئێوە پێ دەڵێن نزمەکانی شمشاڵ ئێمەش پی دەڵێن (مەقام) لای شوان و کەسانی شارەزا لە ژەنینی ئامێری شمشاڵ لە دەڤەری باڵەکاییەتی چەند جۆرو ناوی هەبوو ؟

و/ جۆری نزمەکانی دەنگی شمشاڵ یان بلێن ئەوئاوازانەی کەبە شمشاڵ لیدەدران زۆرن وەک ( حەیران، لاوک، بەستە، پیرە پایزە، شەڕاخێوی، هاوار، شایی، سوسکەیی، سێ پێی، ڕۆیین، شەڕی بووک و خەسوو، پێش مەڕ، بەلۆرە لە هەندێک شوێن پێ دەڵێن یارۆ، بەندی دروێنە) ئەمانەو زیاتر کەبە ناسنامەی ڕەسەناییەتی و فۆلکلۆرو داب و نەریتی کوردەواری دادەنرێت .

پ/ ئەو نزم و ئاوازانەی لەسەرەوە باستان لێوە کردوە تەنها مەقام و میلۆدییەکەو بەس یان هەریەکەیان چیرۆکێکی شاراوەیان لە دوایە ؟.

و/ بۆ وەڵامی پرسیارەکەت چیرۆکێکت بۆ دەگێرمەوە، کە لە باب و باپیرانمان گوێ بیستی بویمە لە سەر جۆری نزمی( هاوار ) دەگێرنەوە شوانێکی شمشاڵ ژەن هەبوو، کچە بێریەکی جوانی گوندەکەی خۆی خۆش دەویست، هەر بۆیە لەکاتی هاتنی بۆ بێر ڕۆژانە شوانەکە دەردەدڵی خۆی بە شمشاڵ ژەنین بۆ کچە بێریەکەی باس دەکرد، بەم جۆرە کچە کە وەک زمانی ئاخاوتن گوێبستی تەواوی نزمە شمشاڵەکانی دەبوو، دەیزانی شوانەکە بەم نزمە شمشاڵە رازونیازی دڵی خۆی پێ دەگوت کچەکەش لێی تێ دەگەیشت، هەربۆیە لە یەکێک لەشەوەکان لە نزیک گوند چەند دزو جەردەو ڕێگرێک بەسەر شوانەکە دادەدەن بۆ ئەوەی مەڕو مالاتەکەی

بەتالان بەبەن لەئەنجامدا دەست و قاچی شوانەکە دەبەستن بۆ ئەوەی بەئاسانی کارەکەی خۆیان بکەن لەوکاتەدا شوانی بێ دەستەلات بیرۆکەیێکی بەمێشک دادێت، بە دزەکان دەڵێت تکایە دەست و قاچم بکەنەوە بۆئەوەی مەڕوبزنەکانم بەئاسانی لەگەڵتان بێن و ئێوەش هیلاک نەبن دەمەوێت شمشاڵیان بۆ لێ بدەم، دزەکان بەداواکاری شوانەکە رازی دەبن، دەست وقاچی شوانەکە دەکەنەوە شوانەکە دەست دەکات بە ژەنینی شمشاڵ بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە دەنگی شمشاڵە کە بگاتە گوند، هەر بۆیە لەو نزمەی کەناونراوە هاوار بەشمشاڵ دەژەنینێت دەڵێت (هاوارە هاوارە بێژینگ بەرێ هاوارە دەست و پێ شوانیان بەستینە مەڕیان برد بە تالانە هاوارە) لەوکاتە کچەکە گوێبیستی ئەونزمە دەبێت دەڵێت خەڵکینەتکایە بڕۆن بەهاواری شوانی دز چووینە سەری خەریکە مەڕومالاتی دەبەن بەتالانی، خەڵکەکەش بەقسەی کچەکە دەکەن و بەهاواری شوانەکە دەچن و رزگاری دەکەن لەدەست دزەکان، بەو هۆیە دزەکان بەدەس بەتاڵی ڕادەکەن و بەهۆی ئەم نزمە شمشاڵەی کە ناوی لێ نراوە هاوار رزگاری دەبێت .



خۆشناو روستی( گۆانی بێژومۆزیزسیان)



حیا بەگ روستی( حەیران بێژ )



حەمیدحەیران(حیران بێژ )



مستەفا حەسەن جاوەکەی ( شمشاڵ ژەن )



شمشاڵ ژەنێکی کوردستان



وێنەیەکی بوک گواستنەوەی دەڤەری باڵەکایەتی